

((ئەم خەڵاتە ڕێزگرتنە لە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان، لەو خەباتە پاک و بێگەردەی کە بە درێژایی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردستان کە لەسەری بەردەوام بووین. ئەم خەڵاتە پێشکەش بەو کەلتوورە دەکرێ کە گەلی کورد پێی دەنازێ و پێی سەربەرزە، ئەویش کەلتووری پێکەوەژیانی نەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبییە)).

سەرۆکی کوردستان

# سەرۆکی کوردستان خەڵاتی ئاشتی وەردەگرێت

# کەلتووری ئاشتی وەک تۆڵەیەک بۆ ناساندنی ژینۆسایدی کورد بەجیهان

لەو وڵاتەی هاووڵاتیانی بە گازی ژەهراوی کۆمەڵکوژ کراون و لەو وڵاتەی دەیان پرۆسەی ئەنفالی تێدا پیادەکراوەو، تاوانی ژینۆسایدی تێدا ئەنجامدراوە، هەر لەم وڵاتەوە بانگێشە بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان دەکرێت و هەوڵدەدرێت کە گیانی پێکەوە ژیان و ئاشتی، نەك تەنیا لە کوردستان بەڵکو هەموو ناوچەکەو تەواوی عێراقیش بگرێتەوە، ئەمە مانای ئەوەیە کوردستان ئەو وڵاتەیە وێڕای هەموو تاوانێکی دژبە مرۆڤایەتی کە لە دژی گەلەکەی ئەنجامدراوەو هەموو جۆرە چەکێکی قەدەغەکراوی جیهانی لەسەر تاقیکراوەتەوە، داوای ریشەکێشکردنی رەگ و ریشەی شەڕ دەکات و دەخوازێت هەموو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان و بیربۆچوونە جیاوازەکان بە ئاشتی پێکەوە بژین، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کەلتوری کوردستان بڕوایەکی رەهای بەوە هەیە کە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی جیاوازییەك بە پێکەوە ژیانی بەلێبوردەیی و ئاشتی دەپارێزرێت، هەربۆیە سەرۆکی کوردستان لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی لەلایەن دامەرزاوەی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئیتاڵیەوە جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە ئەو لە جیاتی هەر تاکێکی کوردو کوردستانی ئەم خەڵاتە وەردەگرێت و ئەم خەڵاتە رێزگرتنە لە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان و لەمبارەوە وتی :(ئەمە شەرەفێکی گەورەیە بۆ من کە لە جیاتی هەموو تاکێکی کوردو کوردستانی، لە جیاتی هەموو دایکە شەهید و ئەنفالێك، لە جیاتی هەموو گەنجێکی بێسەروشوێنی فەیلی، لە جیاتی ئەو زاوا یەك شەوییە کوڕە بارزانییەی کە بێسەروشوێن کرا، لە جیاتی ئەو دایکە گەرمیانییەی کە هاوسەرەکەیی و نۆ لە کوڕەکانی بە یەکجار لە دەستدا، شەرەفێکی گەورەیە کە لە جیاتی هەموو ئەوانەو گەلی کوردستان، من ئەم خەڵاتە وەربگرم. ئەم خەڵاتە رێزگرتنە لە خەباتە تێکۆشانی گەلەکەمان، لەو خەبات و پاك و بێگەردەی کە بە درێژایی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردستان کە لەسەری بەردەوام بوون. ئەم خەڵاتە پێشکەش بەو کەلتوورە دەکرێ کە گەلی کورد پێی دەنازێ و پێی سەربەرزە، ئەویش کەلتووری پێکەوەژیانی نەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبییە)).

سەرۆکی کوردستان لەم وتەیەدا باسی لەوەکرد کە خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان لە پێناوی ئاشتی و لێبوردەیی بووە، بەڵام وێڕای ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی دژ بە گەلی کوردستان کراوە کەلتووری ئاشتی و گیانی لێبوردەیی لەناو گەلی کوردستان هەر ماوەو لەمبارەوە سەرۆکی کوردستان ئاماژەی بە راپەرینە مەزنەکەی بەهاری کوردستان کرد، کە دوو فەیلەقی سوپای عێراق خۆیان تەسلیمی گەلی کوردستان کرد، بەڵام گەلی کوردستان لێبوردە بوو، هەموویانی بەخشی و ڕەوانەی لای کەسوکاری خۆیانی کردنەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا وتی:(فەرهەنگی ئێمە زۆر زۆر پیرۆزە، لە بەهاری ١٩٩١ دا وەکوو ئەم مانگە میللەتی ئێمە لە سەرتاسەری کوردستاندا ڕاپەڕی، دوو فەیلەقی سوپای عێراق تەسلیم بە گەلی کوردستان و پێشمەرگە بوو، هێشتا بریندارى کیمیایی هەڵەبجە لە نەخۆشخانەکان بوون، هێشتا دەیان هەزار خەڵکی کوردستان ئاوارەی ئەم وڵات و ئەو وڵاتان بوون و هێشتا برینەکانمان خوێنیان لێدەهات لەگەڵ ئەوەشدا کەسوکاری هەموو ئەو شەهیدانە بە ڕێزەوە ئەو سەربازانەیان وەرگرت و بەخێویشیان کردن و ڕێگەشیان پێدان بگەڕێنەوە ناو کەسوکاری خۆیان)).

هەربۆیە بارزانی ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، ئێمە شانازی بەم فەرهەنگی ئەخلاق و لێبوردەییە دەکەین و گەلی ئێمە فێری ئەم فەرهەنگە بووەو هەر بەم فەرهەنگەش تۆڵەی ژینۆساید دەکەینەوەو داوا لە ئێوەش دەکەین هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی تاوانی ژینۆسایدی دژی کورد لە جیهاندا بناسرێت، ئەمەش گەورەترین تۆڵەیەو بۆ ئەمەش وتی (من پێموایە ئێمە لە میللەتی خۆمان فێری ئەم فەرهەنگەیەو لێبوردەیی بووین و شانازیش بەو فەرهەنگ و ئەخلاقە دەکەین. ئێمە میللەتێکی بە وەفاین، لە بیرناکەین ئەوەی چاکەی کردبێت لەگەڵ ئێمە، ئەوەی غەدریشی لێکردبین لەبیر ناکەین، بەڵام بەدوای تۆڵە ناکەوین...بە هەوڵ و هیممەتی ئێوە تۆڵە بەوە دەکەینەوە کە ئەم تاوانانە لە جیهاندا بە ژینۆساید بناسرێن.. تۆڵە بەو شێوەیە دەکەینەوە کە ئەم فەرهەنگەی پێکەوە ژیان قووڵتر بکەینەوە لە کوردستان، رۆژ بە رۆژ هەوڵدەدەین و لەهەموو عێراقیشدا. بەم شێوەیە تۆڵە دەکەینەوە کە ئەم رەوشتە بەرزە قووڵتر و فراوانتری بکەین و کوردستانیش ئاوەدانتر بکەینەوە)).

بەڵام سەرۆکی کوردستان ئەو ڕاستیەشی لە ئامادەبووان نەشاردەوە کە خەبات بە شێوازی ئاشتیانە پێویستی بە هاوکاری و پشتیوانی ئاشتیخوازانی جیهان هەیەو بۆ ئەوەی ئاشتی ببێتە هەوێنی خەبات ئەوە گرنگە ئاشتیخوازان پێکەوە هاوپەیمان و هاوخەباتبن، بۆ ئەمەش سەرۆك ئاماژەی بەوەکرد، ئێمە جاران دەمانگووت تەنیا چیاکان دۆستمانن بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەمڕۆ لەسەرانسەری جیهان دۆستی زۆر بەڕێز و خۆشەویستمان هەیە و ئەو دۆستانەشی ئەمڕۆ لێرە دانیشتوون نموونەیەکی زیندووە، هاوکار دۆستانیش بۆ بە جیهان ناساندنی ژینۆسایدی گەلی کورد بە گەورەترین تۆڵە لە تاوانباران هەژمارکردو وتی: (هەوڵەکانتان بۆ بە جیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، بۆیە ئەمە گەورەترین تۆڵەیە لەو تاوانبارانە دەکرێتەوە).





# حکومەتی کارا ... کاراکتەری سەرەکی لە پرۆسەی حکومڕانی باشدا



(( تەمەنی چەمکی حکومڕانی هێندەی تەمەنی شارستانییەتی مرۆڤایەتیە، بەسادەیی حکومڕانی مانای پرۆسەی دروستکردنی بڕیارو، ئەو پرۆسەیە کە لەناویدا کام بڕیار جێبەجێ دەکرێت و کامی دیکە جێبەجێ ناکرێت.. هەر بۆیە ئەگەر حکومڕانی وەک پرۆسەی بڕیاردروستکردن پێناسە بکەین، ئەوا لە شرۆڤەی حکومڕانیدا جەخت دەکرێتەوە سەر ئەو کاراکتەرە فەرمی و نافەرمیانەی لەپرۆسەی بڕیاردروستکردن و لە جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا بەشدار دەبن...کەواتە لەم پرۆسەیەدا حکومەت یەکێکە لە کاراکتەرە دیارەکانی حکومڕانی، ئەو کاراکتەرانەی دیکەش کە بەشدار دەبن لەپرۆسەکەدا بەشێوازی جیاواز پشت بە ئاستی ئەو حکومەتە دەبەستن کە هەموو پێکەوە وتووێژی لەسەر دەکەن، ئەو توخمانەش بێجگە لە حکومەت بریتین لە(پارتە سیاسیەکان، هۆیەکانی ڕاگەیاندن، گرووپەکانی فشار، مەرجەکانی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و مەرجەکانی دەوڵەتانی بەخشەر، دامەزراوە داراییەکان، موڵکدارەکان، ڕێکخراوە ناحکومیەکان، ناوەندەکانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە، پیاوانی ئایینی، سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەییەکان، سوپا)) .. بۆ ئەوەشی حکومڕانی بەشێوەیەکی باش هەڵبسوڕێت، ئەوا دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت: (بەشداریکردن، پێکەوە گونجانی بۆچوونە جیاوازەکان، یەکسانی و دادپەروەری، بەرپرسیاریەتی و لێپرسینەوە، شەفافیەت، وەڵامدانەوە بۆ خواست و داواکانی خەڵک، لێهاتوویی) هەموو ئەمانەش پێویستە لەژێر سێبەری سەروەریی یاسا هەڵبسوڕێن و لەهەمانکاتدا دەبێت وەڵامدانەوە هەبێت بۆ پێداویستیەکانی ئێستاو داهاتووی کۆمەڵگە))

ئاژانسی ( ESCAP) ی نەتەوە یەکگرتووەکان



**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەو راستیە تێگەیشتووە کە هەنگاوی یەکەم، هەنگاوی دووەم بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە هاووڵاتیان چۆن لەپرۆسەی دارشتنی بەرنامەو دروستکردنی بڕیاردا بەشدار بوون، ئەوا دەبێت لە پرۆسەی جێبەجێکردنی بڕیارەکانیشدا بەشداربن**

**حکومەتی باش تەنیا لەنێو سیستمی دیموکراتی دروست دەبێت، حکومەت چەند باش بێت لەدەرەوەی سیستمی دیموکراتی بە حکومەتی باش هەژمار ناکرێت**

**ئەگەر حکومەت بڕوای بە شەفافیەت و پێدانی زانیاری هەبێت، ئەوا مانای ئەوەیە ئەو حکومەتە دەیەوێت خەڵک و توخمەکانی دیکە بەشدار بن لەپرۆسەی بڕیاردان و جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا**

**حکومەتی باش تەنیا لەنێو سیستمی دیموکراتی دروست دەبێت، حکومەت چەند باش بێت لەدەرەوەی سیستمی دیموکراتی بەحکومەتی باش هەژمار ناکرێت**

**کاتێك حکومەت توانی بە باشیی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، ئەوا حکومڕانیش باش دەبێت**



ئەگەر سەرەتای ئەم ڕاپۆرتە بەو پرسیارە دەست پێبکەین: بۆچی زۆرجار هەردوو چەمکی حکومەت و حکومڕانی تێکەڵ دەکرێن؟ یان بۆچی زۆرجار لەبری بەکارهێنانی چەمکی حکومڕانی باش، حکومەتی باش بەکاردێنین؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ بایەخ و گرنگی حکومەت لە سیستمی دیموکراتی دەگەڕێتەوە، بە مانایەکی دیکە حکومەتی باش تەنیا لەنێو سیستمی دیموکراتی دروست دەبێت، حکومەت چەند باش بێت لەدەرەوەی سیستمی دیموکراتی بە حکومەتی باش هەژمار ناکرێت، هەر ئەم هۆکارەشە کە ڕێکخراوی هاریکاری پەرەپێدانی ئابووری ( OECD) نێودەوڵەتی، پێناسەی حکومڕانی باش بە پرۆسەی دیموکراتی و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ گرێدەداتەوە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە لەناو سیستمی دیموکراتیدا حکومەتی باش وەك سیمایی حکومڕانی باش دەردەکەوێت و زۆر جاریش چەمکی حکومەتی باش و حکومڕانی باش تێکەڵ دەکرێت، کە ئەم تێکەڵاویەش دیسان مەبەست لێی حکومڕانی دیموکراتیە.

کەواتە ئەم دەروازەیە پێمان دەڵێت لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا حکومەت ڕۆڵێکی بەرچاوو گرنگی هەیە، بۆیە ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی چەمکی حکومڕانی بەپێی ڕێکخراوی ( ESCAP) سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، دەبینین حکومڕانی وەك پرۆسەی بڕیار دروستکردن و پرۆسەی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دیاریکردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەم پرۆسە گرنگەدا کە دوو لایەنی گرنگ لە دروستکردنی بڕیار و جێبەجێکردنی بڕیارەکان لە خۆی دەگرێت، حکومەت لە هەردوو لایەنەکەدا پشکی شێری بەردەکەوێت و ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری دەکەوێتە سەرشان، بۆیە ئەدای حکومەت ئەگەر باش بێت لەنێو هەردوو بەشی پرۆسەکەدا، ئەوا ڕەنگدانەوەی گەورەی لەسەر دەرکەوتنی حکومڕانی باش دەبێت، راشکاوانەتر کاتێك حکومەت توانی بە باشیی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، ئەوا حکومڕانیش باش دەبێت، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئایا دەکرێت لەناو سیتسمی دیموکراتیدا، حکومەت ناکارا و باش نەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش لەگەڵ ئەوەی بۆ هەر شوێن و وڵاتێك جیاوازی هەیە، بەڵام دەکرێت وەك ئاماژە کردن بۆ ڕەهەندە سەرەکییەکان، لەسەر ئەو لایەنە هەڵوەستە بکەین، کە هەوڵدان بۆ بونیادی حکومەتی باش ئەرکێکی دیکەی ناو پرۆسەی حکومڕانی دیموکراتیە، بۆیە لەم خاڵەوە دەکرێت راشکاوانە ئاماژە بەوە بکەین، دەشێت حکومڕانییەك دیموکراتی بێت، بەڵام نەتوانرێت بە حکومڕانی



باش پێناسە بکرێت، ئەمە بەو مانایە نییە سیستمی دیموکراتی خراپە، بەڵکو بەو مانایەیە کە حکومەت لەناو سیستمە دیموکراتیەکەدا ئاستەنگی لەبەردەم هەن یان حکومەتەکە ناتوانێت ئەرکەکانی خۆی بە باشی راپەڕێنێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا بۆ ئەوەی حکومڕانی دیموکراتی بخرێتەوە سەر ئەو ئاڕاستەیەی کە بتوانرێت وەك حکومڕانی باش پێناسە بکرێت، ئەوا گرنگە بیر لە بونیادنانی حکومەتێکی باش بکرێتەوە، یان ئەو پرسیارە بکرێت چۆن دەتوانین حکومەتێکی باش بونیاد بنێین کە توانای ئەوەی هەبێت بە کارلێکی لەگەڵ توخمەکانی دیکە حکومڕانی باش بەرهەم بهێنێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەو خاڵەوە دەست پێدەکات و پرسیارێکی دیکە دەوروژێنێت ئایا چۆن حکومەت دەتوانێت ببێتە تەوەرەیەك هەموو توخمەکانی دیکە لە خۆی کۆبکاتەوەو بەرەو ئاڕاستەی حکومڕانی باش ئاڕاستەیان بکات؟ بێگومان لێرەدا مەبەست لە (دەسەڵاتەکانی سیستمی دیموکراتی نییە واتە دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەری نییە) لەبەرئەوەی حکومەت هاوشان لەگەڵ پەرلەمان و لە ژێر چەتری سەروەریی یاسا کارلێك لەگەڵ توخمەکانی دیکە دەکات کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی بڕیار دروستکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکان هەیەو بریتین لە(پارتە سیاسیەکان، دامەزراوە داراییەکان، هۆیەکانی راگەیاندن، گرووپەکانی فشار، مەرجەکانی کۆمپانیا گەورەو فرە رەگەزەکان،مەرجەکانی دەوڵەتانی بەخشەر، سەندیکاو رێکخراوە پیشەییەکان، موڵکدارو خاوەن سەرمایەکان. تاد) ئەمە پێمان دەڵێت ڕەنگدانەوەی حکومەتی باش لە دوو کایەدایە:

یەکەمیان: ڕۆڵی حکومەت بە هاوکاری لەگەڵ توخمەکانی دیکە لە دروستکردنی بڕیاردا.

دووەم: رۆڵی حکومەت لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی بڕیارەکاندا، بەجۆرێك کە توخمەکانی دیکە پێی رازی بن.

ئەم دوو ئەرکە گرنگن بۆ ئەوەی حکومەتێك بوونی هەبێت بەمانای وشە(حکومەتی باش) بێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستە حکومەتی باش بونیاد بنێین بۆ ئەوەی زەمینەی پێکەوە هەڵسوڕانی توخمەکان، حکومڕانی باش بەرهەم بهێنێت، ئەو زەمینەیەش بەم فاکتەرانە هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرێت:

١. هەوڵدانی حکومەت بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بەشدارییەکی فراوانیان لە پرۆسەی بڕیار دروستکردن و بڕیار جێبەجێکردندا هەبێت، ئەمەش بە سادەیی واتە پێویستە خواست و داواکارییەکانی خەڵك، نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان بواری ئەوەیان هەبێت بەشدار بن و پێگەیان

**هەوڵدان بۆ بونیادی حکومەتی باش ئەرکێکی دیکەی ناو پرۆسەی حکومڕانی دیموکراتیە**

**بۆئەوەی حکومڕانی دیموکراتی بخرێتەوە سەر ئەو ئاڕاستەیەی کە بتوانرێت وەك حکومڕانی باش پێناسە بکرێت. ئەوا گرنگە بیر لەبونیادنانی حکومەتێکی باش بکرێتەوە**

**ئەگەر حزبی حکومڕان بەنوێنەرایەتی خەڵك حکومڕانی بکات. ئەوا حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش بەنوێنەرایەتی خەڵك چاودێری کارەکانی حکومەت دەکەن**

**بوونی بۆشایی و کەلێن لەنێوان خەڵك و کابینە یەك لەدوا یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەو راستییەیە کە هەموو لایەك دانی پێدادەنێن**

**بەشدار بوونی هاووڵاتیی لەپرۆسەی جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا. بەرەو ئەوەمان دەبات کە حکومەت و وەزیرەکانی حکومەتی داهاتوو فراوانتر لەجاران ئامادەباش دەبن بۆ بەرپرسیاریەتی و لێپرسینەوە**

**پێویستە حکومەت وەك ئامێرێك بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی ڕۆژانەی خۆی، وێستگەی پێکەوە گونجانی بۆچوونە جیاوازەکان بێت، ڕاشکاوانەتر وێستگەی پێکەوە گرێدانەوەی بۆچوونی حزبە سیاسیە جیاوازەکان بێت**

**نێچیرڤان بارزانی دەیەوێت ئەو پەیامەمان پێ بڵێت، حکومەتی باش ئەو حکومەتەیە هەموو توخمەکان بە ئاڕاستەی حکومڕانی باش پێکەوە کۆبکاتەوە**

**نێچیرڤان بارزانی دەیەوێت دیاردەی بوونی حزبی فەرمانڕەواو حزبی ئۆپۆزسیۆن بەشێوەیەکی کردەیی لەناو کەلتوری سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستاندا ڕیشە دابکوتێت و حزبایەتی بکاتە ئامرازێك بۆ حکومڕانی باش**

**ئەگەر پرۆسەی پەرەپێدان بە یاسا ڕێکخرابێت، بەڵام لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە یەکنەگرێتەوە، ئەوا دەبێت حکومەت پرۆژەیەکی بۆ هەمووارکردنی ئەو یاسایە هەبێت و هەڵسووڕانی بازاڕو سەرمایەو توانای مرۆیی بخاتەوە خزمەتی بەرژەوەندی گشتییەوە**

لەجێبەجێکردنی بڕیارەکاندا هەبێت.

٢. ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیری سیستمی دیموکراتی بکەین کە سیستمی حزبە سیاسیەکانە، ئەوا پێویستە حکومەت وەك ئامێرێك بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی ڕۆژانەی خۆی، وێستگەی پێکەوە گونجانی بۆچوونە جیاوازەکان بێت، ڕاشکاوانەتر وێستگەی پێکەوە گرێدانەوەی بۆچوونی حزبە سیاسیە جیاوازەکان بێت، هەربۆیە ئەگەر حزبی حکومڕان بەنوێنەرایەتی خەڵك حکومڕانی بکات، ئەوا حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش بە نوێنەرایەتی خەڵك چاودێری کارەکانی حکومەت دەکات و بەرنامەی بەدیل بۆ بەرنامەی حکومەتی ئێستا دادەڕێژێت و لەهەڵبژاردنەکاندا پێشکەشی دەنگدەرانی دەکات، بۆیە چۆن شەرعیەتی حکومڕانی سەرچاوەکەی گەلە، بەهەمان شێوە شەرعیەتی چاودێری کردنیش سەرچاوەکەی گەلە، بۆیە دەبێت حکومەت زەمینەی ئەم پێکەوە گونجانە فەراهەم بکات.

٣. بەرپرسیاریەتی و لێپرسینەوە، ئەم خاڵە گرنگە لەبەر ئەوەی سەرلەنوێ پێناسەی بەرپرس و بەرپرسیاریەتی دەکاتەوە، پێمان دەڵێت ئەو بەرپرسانەی پۆستی گشتی وەردەگرن پێویستە بەرپرسیاریەتی ڕەفتارەکانی خۆیان هەڵبگرن و ئامادەبن بۆ لێپرسینەوە، لێپرسینەوە بەمانای (پرسیارکردن و وەڵامدانەوە) نەك بەمانای دادگایی کردن و سزادان، ڕاشکاوانەتر لەبەرئەوەی بەرپرسانی پۆستە گشتیەکان، بڕیارەکان جێبەجێ دەکەن، ئەوا هاووڵاتی یان نوێنەرانی خەڵك مافی خۆیانە هەم لەچۆنیەتی پرۆسەی بڕیاردروستکردن و هەم لە پرۆسەی جێبەجێکردنی بڕیار ئاگاداربن، هەربۆیە کاتێك هەست دەکرێت بڕیارێك بە هەڵە جێبەجێ کراوە یان گومانی ئەوە دروست دەبێت بە هەڵەدا ڕۆیشتووە، ئەوا لێپرسینەوە یان داواکردنی بەرپرسان بۆ ئەوەی پرسیاریان لێبکرێت بۆ ڕەوینەوەی ئەو گومانەیە، ئەگەر وەڵامدانەوەی بەرپرسەکە توانی گومانەکان بڕەوێنێتەوە، ئەوا پرسیارکردن کۆتایی دێت، ئەگەر نەشیتوانی گومانەکە بڕەوێنێتەوە، دیسان پرسیار کردن هەر تەواو دەبێت و دەبێت یاسا ئەو کێشەیە یەکلایی بکاتەوە، کەواتە لێپرسینەوەو هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت بە هەڵەدا بڕۆین یان گومانی بە هەڵەدا ڕۆشتن نەهێڵرێتەوە.

٤. وەڵامدانەوە بۆ ویست و داواکانی خەڵك، ئەمەش مەرج نییە هەمووجار قابیلی جێبەجێکردنی هەبێت، بەڵکو وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لەسەر پێداویستیە گشتیەکان دروست دەبن، زەمینەی بەشداری هاووڵاتیان بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان ئاسان دەکات، هەر بۆ نموونە ئەگەر پرسیاری خەڵکی هەولێر لە حکومەتی خۆیان ئەوە بێت، بۆچی شاری هەولێر ئاوەڕۆی نییە؟ ئەوا وەڵامدانەوەی حکومەت بۆ ئەم خواستە ڕاستەوخۆ دەسپێکردنی پڕۆژەی ستراتیژی ئاوەڕۆی هەولێر نابێت، بەڵکو تێگەیاندنی خەڵکی هەولێر دەبێت لەسەر ئەوەی ئەم پڕۆژە ستراتیژییە پێویستی بە کات و بودجەیەکی گەورە هەیەو دەبێت بەچەند قۆناخێك جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەمەش هەوڵەکان بەردەوامن و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەکەویتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

٥. شەفافیەت و پێدانی زانیاری، ئەم خاڵە بۆ هەموو سیستمێکی دیموکراتی گرنگەو بۆ حکومەتیش لەناو سیستمەکە پێناسەی حکومەتی باشە، هەربۆیە ئەگەر حکومەت بڕوای بە شەفافیەت و پێدانی زانیاری هەبێت، ئەوا مانای ئەوەیە ئەو حکومەتە دەیەوێت خەڵك و توخمەکانی دیکە بەشدار بن لەپرۆسەی بڕیاردان و جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا، هەروەها تێگەیشتنێکی تەواو بۆ کارەکانی حکومەت بەرێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لای خەڵك دروست بێت.

٦. لێهاتوویی، ئەم لایەنە کە لە بەشێکیدا دەستنیشانکردنی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دەگرێتەوە، بەڵام لەبەشێکی دیکەیدا پەرەپێدانی توانای مرۆیی دەگرێتەوە.

٧. یەکسانی و دادپەروەریی، ئەم لایەنە هەردوو لایەنی یەکسانی و دادپەروەریی پێکەوە گرێدەداتەوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی دەرەفەتەکان لەبەردەم هەمووان یەکسان بێت و تواناکان لەناو فرسەت و دەرفەتە جیاوازەکاندا ئاکامی جیاواز بەرهەم بهێنن ئەمەش جۆرێکە لە دادپەروەریی لەنێوان تاکەکاندا.

## کابینەی حەوتەم هەنگاوی دروست بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی باش

قسەکردن لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پیاهەڵدان نییە بە کابینەیەکدا کە هێشتا دەست بەکار نەبووە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ بەشداریکردن و خستنەڕووی ئەو بیروبۆچوونانەی کە ئاڕاستەی حکومەتیکی باش دیاری دەکات، هەروەها هەوڵێکە بۆ ئاڕاستەکردنی ئەو پرسیارانەی کە ڕۆژانە بیری لێدەکەینەوەو لە خۆمان دەپرسین (چیمان لە حکومەت دەوێت؟ چۆن ئەدای کابینەی حەوتەم هەڵبسەنگێنین؟ چۆن هاوکاری حکومەت بکەین بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی بەوجۆرە هەڵبسوڕێن کە ئێمە دەمانەوێت و ئێمە مەزندەی بۆ دەکەین؟ ) وەڵامدانەوەی هەر یەکێك لەم پرسیارانە هاووڵاتی ئاسایی دەکاتە بەشێك



لە پرۆسەی حکومڕانی و هانی دەدا کە هەم لە پرۆسەی بڕیار دروستکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانیشدا بەشدار بێت، بۆیە لەم راپۆرتەدا پێش ئەوەی هەڵوەستە لەسەر هەوڵەکانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ چۆنییەتی پێکهێنانی کابینەی حەوتەم بکەین، هێڵە گشتییەکانی حکومڕانی باشمان دیاری کردووە، هەروەها پێویستی بونیادنانی حکومەتی باشمان دیاری کردووە بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت وەك رایەڵێك هەموو توخمەکانی دیکە پێکەوە گرێبداتەوەو بەرەو ئاراستەی حکومڕانی باش هەنگاویان پێ هەڵبگرێت. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەم دێڕانە هێندەی ئاراستەیەکی بەراوردکاری بۆ چۆنییەتی پێکهێنانی کابینەی حەوتەم دەگرێتەبەر، هێندە ئاراستەیەکی هەڵسەنگاندن یان پیاهەڵدان ناگرێتەوە، هەربۆیە لەم روانگەیەوە ئاراستەی هەوڵەکانی سەرۆك وەزیرانی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی حەوتەم دەخەینەڕوو:

**■ ١. بەشداری پێکردنی خەڵك لە داڕشتنی بەرنامەی حکومەتدا.**

بوونی بۆشایی و کەلێن لەنێوان خەڵك و کابینە یەك لەدوایەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو راستییەیە کە هەموو لایەك دانی پێدادەنێن، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە بازنەی داڕشتنی بڕیارو جێبەجێکردنی بڕیارەکان، بریتی بووە لە دەستەبژێرێکی سیاسی کە لە پێکهێنانی حکومەتدا، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبە بەشداربووەکانی حکومەتی گرتۆتەوە، لەجێبەجێکردنی بڕیارەکانیشدا ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی گرتۆتەوە، بۆیە ئەم دیاردەیە جۆرێك لە دابڕانی لەنێوان خەڵك و حکومەت دروست کردووە، بەڵام لەگەڵ ناو هێنانی نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکایەتی کابینەی نوێ، بەڕێزی لەم خاڵەوە دەستی پێکردو راشکاوانە بەرێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك هێڵە گشتیەکانی بەرنامەی خۆی یان نییەتی خۆی بۆ بەرنامەی کابینەی نوێ خستەڕوو، هەروەها دەرگای کردەوە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بەراشکاوانە بیربۆچوون و خواست و داواکارییەکانی بۆ بنووسن، بۆ ئەوەی بیربۆچوون و خواست و داواکانی خەڵك ببنە بەشێك لە بەرنامەی حکومەتی داهاتوو، هەروەها ببنە بەشێك لە پرۆسەی دروستکردنی ئەو بڕیارانەی کە پێویستە حکومەتی داهاتوو جێبەجێیان بکات، لەم راستەوە خەڵکی کوردستان بە جیاوازی بیربۆچوونی سیاسیی و جیاوازی نەتەوەو ئایینەوە وەڵامدانەوەیان بۆ داواکارییەکەی نێچیرڤان بارزانی هەبووەو ئێستاش ئەم دەرگایە کراوەیە کە خەڵك راو بۆچوون و خواست و داواکارییەکانی بەسەرۆك وەزیرانی راسپێردراو بگەیەنێت، ئەم هەنگاوەی بەڕێزیان دوو خاڵی گرنگ چارەسەر دەکات:

■ ا- خەڵك لەوە دڵنیا دەبێت بەرنامەی حکومەتی داهاتوو رەنگدانەوەی بیربۆچوون و خواست و داواکارییەکانی ئەوانیشە، هەربۆیە هەنگاوی داهاتووی حکومەت بە هەنگاوی خۆی دەزانێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی هاووڵاتی هۆشیارتر چاودێری هەنگاوەکانی حکومەت بکات.

■ ب- بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەو راستییە تێگەیشتووە کە هەنگاوی یەکەم، هەنگاوی دووەم بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە هاووڵاتیان چۆن لەپرۆسەی داڕشتنی بەرنامەو دروستکردنی بڕیاردا بەشدار بوون، ئەوا دەبێت لە پرۆسەی جێبەجێکردنی بڕیارەکانیشدا بەشداربن، ئەم بەشدار بوونەی هاووڵاتیانیش لە پرۆسەی جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا، بەرەو ئەوەمان دەبات کە حکومەت و وەزیرەکانی حکومەتی داهاتوو فراوانتر لە جاران ئامادەباش بن بۆ بەرپرسیاریەتی و لێپرسینەوە، ئەمەش واتە ئەنجوومەنی وەزیرانی داهاتوو، دوای ئەوەی سوێندی یاسایی لە پەرلەمان دەخۆن، دەبێت

**پێویستە خواست و داوایەکانی خەڵك، نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان بواری ئەوەیان هەبێت بەشدار بن و پێگەیان لەجێبەجێکردنی بڕیارەکاندا هەبێت**

بەرپرس بن لەو بەرپرسیاریەتیەی دەکەوێتە سەرشانیان و ئامادەبن وەڵامدانەوەیان بۆ پرسیار و خواست و داواکارییەکانی خەڵك هەبێت.

### ■ ٢. پێکەوە گونجانی بیربۆچوونە جیاوازەکان

ئەم لایەنە بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان، تا ئاستێکی زۆر بەرز، پێکەوە گونجانی بیربۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی لە کوردستان لە ئاستێکی زۆر باشدایەو پێکەوە ژیانێکی نموونەیی لە کوردستاندا هەیە، بۆیە لەم خاڵەدا پێکەوە گونجاندنی جیاوازییەکان، وەك پێکەوە گونجان و پێکەوە کارکردنی حزبە سیاسیەکانی کوردستان هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین و حزبە سیاسیەکان، لە حکومەتدا بن یان لە ئۆپۆزسیۆن توخمی سەرەکی حکومڕانین و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی بڕیار دروستکردن و جێبەجێ کردنی بڕیارەکاندا هەیە، بۆیە لەم خاڵەوە هەردوو قۆناخی (مەبەست سەردانەکانی بەڕێزیانە پێش ڕاسپاردنی بەفەرمی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی

**بەرهەمهێنانی ڕەخنە لەکۆمەڵگەی کراوەدا لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك فاکتەری گرنگ و کۆمەڵێك توخمی جیاواز ڕۆڵی تیادەگێڕێت. بەڵام میدیا هەمووی پێکەوە کۆدەکاتەوەو بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە لەناو فەزای گشتی دووبارە بڵاوی دەکاتەوە**

کوردستان و سەردانەکانە دوای ڕاسپاردنی بەفەرمی) سەردانەکانی نێچیرڤان بارزانی بۆ لای لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە ئۆپۆزسیۆن و بەوانەشی لە دەرەوەی پەرلەمانی کوردستانن، ئاماژەیە بۆ ئەوەی سەرۆك وەزیرانی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتەواوەتی هەستی بەوە کردووە کە ئەدای حزبە سیاسیەکان بۆ چۆنییەتی هەڵسوڕاندن پێویستی بە پێداچوونەوەو هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تازە هەیەو حزبەکان لە حکومەت بەشدار بن یان ئۆپۆزسیۆن بن، یان حزبی سیاسی بن و کارو چالاکی سیاسی خۆیان ئەنجامبدەن، پێویستە هەموویان لە خزمەتی حکومڕانی کوردستان کاربکەن، ئاڕاستەی کاری هەمووان بەو ئامانجە بێت کە لەم وڵاتە حکومڕانی باش پیادە بکرێت، لەم خاڵەدا زیرەکی و لێهاتوویی سەرۆك وەزیرانی داهاتوو ڕەنگدەداتەوە، بەوەی لەنێوان بەشداری حزبە سیاسیەکان لەناو حکومەت و مانەوەیان وەك ئۆپۆزسیۆن، مەودایەکی باشی کارکردنی پێکەوەیی هەیەو دەکرێت حزبە سیاسیەکان بەشێکیان ئۆپۆزسیۆن بن و توخمی سەرەکی حکومڕانی و هاریکاری حکومەتی خۆیان بن، بۆیە لەم خاڵەدا نێچیرڤان بارزانی دەیەوێت ئەو پەیامەمان پێ بڵێت، حکومەتی باش ئەو حکومەتەیە هەموو توخمەکان بە ئاڕاستەی حکومڕانی باش پێکەوە کۆبکاتەوە، دەیەویت پێمان بڵێت ڕاستە ئەو کاندیدی لیستی کوردستانییە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام حکومەت حکومەتی خەڵکی کوردستانە و پێویستە لەسەری وەك توخمێکی کارای ناو پرۆسەی حکومڕانی، لەگەڵ توخمەکانی دیکە کارلێك بکات و لەگەڵ توخمەکانی دیکە کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبێت، ئەم هەنگاوەی نێچیرڤان بارزانی بۆ کابینەی حەوتەم پیادەی دەکات، لەوانەیە لەڕووی تیۆرییەوە وەك مۆدێلێکی پیادەکردنی دیموکراتی، نەریتی وڵاتانی دیموکراتی بێت، بەڵام وەك پراکتیك لەهەرێمی کوردستاندا، هەنگاوێکی نوێیە و نێچیرڤان بارزانی دەیەویت ئەم مۆدیلە بە شێوەیەکی نوێ لە کوردستان جێبەجێ بکات، ڕاشکاوانەتر لەناو ڕۆحی کۆمەڵگەی کوردستاندا پیادەی دەکات، ئەمەش واتە ئەو دەیەوێت دیاردەی بوونی حزبی فەرمانڕەواو حزبی ئۆپۆزسیۆن بە شێوەیەکی کردەیی لەناو کەلتوری سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستاندا ریشە دابکوتێت و حزبایەتی بکاتە ئامرازێك بۆ حکومڕانی باش، ئەوجا ئەو حزبە لە حکومەتدا بێت، یان لەدەرەوەی حکومەت بێت و ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕیت، ئەم هەنگاوە تازەیەی نێچیرڤان بارزانی، هەنگاوێکی دیکەیەو ئەوەمان بیردێنێتەوە کە لە کابینەی پێنجەم دەستی پێکردو ئێستا هەموو لایەك بەسەرکەوتوویی ئاکامەکەی دەبینین، ئەویش پێکەوە کارکردن و پێکەوە گونجانی پارتی و یەکێتی بوو لە چۆنییەتی حکومڕانی کوردستاندا، کەئێستا ئەم ئەزموونە بە ئاستێك سەرکەوتووە وەزیرەکانی پارتی زۆر بە ئاسانی دەتوانن لەناو وەزارەتەکاندا لەگەڵ بەرێوەبەرە گشتیەکانی یەکێتی مامەڵە بکەن و بەپێچەوانەشەوە، کەس هەست بەوە ناکات فلان وەزیر پارتی یەو ئەوی دیکە یەکێتیە، بۆیە مەزندەو پێشبینیەکان بۆ کابینەی حەوتەم بەو شێوەیەن کە حزبەکانی دیکەش بەهەمان شێوە لەگەڵ پارتی و یەکێتی هاریکار و هەماهەنگ بن بۆ ئەوەی پرۆسەی حکومڕانی لەم وڵاتە سەرکەتوو بێت.

**ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دەگاتە ئەو ئاستەی وەك پێداویستیەك سەیر بکرێت کە نەتوانرێت کۆمەڵگە دەستبەرداری بێت**

### ■ ٣. فراوانبوونی چەمکی حکومڕانی

ئەگەر حکومڕانی هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە بگرێتەوەو پێویستیش بێت هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە لە پرۆسەی حکومڕانی بەشدار بن، ئەوا پرۆسەی حکومڕانی بێجگە لەدامەزراوە فەرمیە دەوڵەتیەکان وەك پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری، ئەوا تەواوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەروەها تەواوی کۆمپانیاو بزنسمان و بازاڕی کوردستانیش دەگرێتەوە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی بانکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە حکومڕانی و حکومڕانی باش، ئەوا بەمجۆرە پێناسەی کردووە(حکومڕانی باش کۆمەڵێك پێداویستی وەك مەرج دیاری دەکات، ئەم مەرجانە ڕۆڵی کاریگەر لە پرۆسەی بڕیار دروستکردن و داڕشتنی سیاسەتی گشتی دەگێڕن) کەواتە پێناسەکەی بانکی گشتی ئاماژە بە سیاسەتی گشتی حکومڕانی دەوڵەت دەکات، بۆیە ئەم پێناسەیە سنووری کەرتی گشتی (واتە حکومەت) دەبەزێنێت و کەرتی تایبەتیش دەگرێتەوە، بە مانایەکی دیکە حکومەت لەم پرۆسەیەدا بەپێی بەرنامەی خۆی سەرمایەی دارایی و سەرمایەی مرۆیی بۆ پرۆسەی پەرەپێدان دەخاتەگەڕ، ئەمەش بەدانانی چوارچێوەیەکی یاسایی دەبێت بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی پەرەپێدان و بەراوردکردنی یاساکان لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەدا، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر پرۆسەی پەرەپێدان بە یاسا ڕێکخرابێت، بەڵام یاساکە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە یەکنەگرێتەوە، ئەوا دەبێت حکومەت پرۆژەیەکی بۆ هەمووارکردنی ئەو یاسایە هەبێت و هەڵسوڕانی بازاڕو سەرمایەو توانای مرۆیی بخاتەوە خزمەتی بەرژەوەندی گشتییەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا تەنیا حکومەت و دامەزراوەکانی ناکەونە ژێر چاودێری کردنەوە، بەڵکو کۆمپانیاو بازاڕیش دەکەونە ژێر چاودێرییەوە و هاووڵاتی مافی خۆیەتی داوای شەفافیەت و زانیاری لەسەر هەڵسوڕانی کەرتی تایبەت بکات، لەبەر ئەوەی کەرتی تایبەت ڕاستەخۆ پێوەندی بە گەشەی ئابووری کۆمەڵگەو داهاتی تاکە کەسەوە هەیە

بۆیە پێویستە هاووڵاتی زانیاری تەواوی لەسەر کۆکردنەوەی سامانی کۆمپانیاو سەرمایەدارەکان هەبێت، لەبەر ئەوەی پرۆسەی حکومڕانی هەموو لایەنەکان دەگرێتەوەو هاووڵاتیش مافی خۆیەتی ئاگاداری هەموو لایەنەکانی حکومڕانی وڵاتی خۆی بێت و زانیاری تەواوی لەبەردەست بێت بۆ ئەوەی بتوانێت رای خۆی لەسەر بونیاد بنێت، لەم روانگەیەوە ئەرکی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رێکخستنی بازاڕ و سەرمایەی مرۆیی و سەرمایەی دارایی دەبێت، بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك لەنێوان مافە سیاسی و ئابوورییەکانی هاووڵاتیان دروست بێت، بزنسمان و سەرمایەداران بەناوی کەرتی تایبەتەوە بازاڕ قۆرخ نەکەن، کە لەبنەڕەتدا خەڵك و هاووڵاتی خاوەنی ئەو بازاڕەن کە ئەوان قۆرخی دەکەن، یان بەشێوەی نایاسایی یان فێڵکردن لە یاساکان خۆیانی پێ دەوڵەمەند دەکەن، راشکاوانەتر نابێت چیتر حکومەت باجی هەڵەو کەمتەرخەمی و نارۆشنی کاری کۆمپانیاو بزنسمانەکان بداتەوە( ئەوجا ئەو کۆمپانیاو بزنسمانانە) هاووڵاتی کوردستان بن یان کۆمپانیاو بزنسمانی بیانی بن، بۆیە لەم خاڵەدا گرنگە هاووڵاتیانی کوردستان بەو راستییە ئاشنا بکرێن، کە کۆمپانیاو سەرمایەدار و بازاڕ توخمی سەرەکی حکومڕانین و مافی خۆیانە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن، چۆن مافی خۆیانە گلەیی و گازندە لە حکومەتی خۆیان بکەن، بەهەمان شێوە مافی خۆیانە بزانن، کۆمپانیایەك چۆن کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی پرۆژەیەك دەکات و مافی خۆیانە داوا بکەن ئەو کۆمپانیایە بخرێتە لیستی رەشەوە جارێکی دیکە لە پرۆسەی پەرەپێدانی کوردستان کاری پێنەدرێتەوە، بۆیە کاتێك باسی فراوانکردنی چەمکی حکومڕانی دەکەین و دڵنیین پێویستە حکومەت لە ناو ئەم پرۆسە فراوانەدا رۆڵێکی کاریگەرو گەورەی هەبێت بۆ رێکخستنی پرۆسەکە، ئەوا رێکخستنی بازاڕ و سەرمایەی دارایی و سەرمایەی مرۆیی پێکەوە و هەڵسوڕاندنیان بۆ ئەوەی لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەدا بێت، دەبێتە ئەرکێکی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەت رۆڵی گرنگ لە رێکخستنیان وەربگرێت،تا ئەگەر یاساکانی ئێستا پێویستیان بە هەموارکردن هەبێت، یان وا پێویست بکات یاسای تازەش دابڕێژرێت.

**ئەگەر رۆژنامەگەری بیەوێت وەك پێداویستی کۆمەڵگە بمێنێتەوە، ئەوا دەبێت هەست بەوە بکات پێداویستی کۆمەڵگە بۆ رۆژنامەگەری چییە؟**

### ■ ٤. میدیا و کاریگەری هۆیەکانی راگەیاندن

ئەگەر کۆمەڵگەی دیموکراتی وەك کۆمەڵگەی کراوە پێناسە بکەین، ئەوا کۆمەڵگەی کراوە لەسادەترین پێناسەیدا واتە ژینگەی کراوە بۆ رەخنە و هەوڵدان بۆ راستکردنەوەی هەڵەو کەموکورتییەکان، بەرهەمهێنانی رەخنەش لە کۆمەڵگەی کراوەدا لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك فاکتەری گرنگ و کۆمەڵێك توخمی جیاواز رۆڵی تیادەگێرێت، بەڵام میدیا هەمووی پێکەوە کۆدەکاتەوەو بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە لەناو فەزای گشتی دووبارە بڵاوی دەکاتەوە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەیە کۆی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و رەخنە جیاوازەکان لەناو فەزای گشتیدا، رای گشتی دروست بکات، لەسەر بنەمای رای گشتیش وایە حکومەت هەنگاوەکانی خۆی راست بکاتەوە یان بەرەو باشتری ببات، لەم چوارچێوەیەدا، رۆڵی رۆژنامەگەری لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دەگاتە ئەو ئاستەی وەك پێداویستییەك سەیر بکرێت کە نەتوانرێت کۆمەڵگە دەستبەرداری بێت، بەڵام ئەم پێداویستیە لەسەر رۆژنامەنووسانی فەرز دەکات، کە گرنگە وەك پێداویستی کۆمەڵگە بمێنێتەوەو بەو شێوەیە بەکار نەهێنرێت کە هاووڵاتی بگاتە ئەو ئاستەی بڵێت پێویستم پێی نییە، بۆیە ئەگەر رۆژنامەگەری بیەوێت وەك پێداویستی کۆمەڵگە بمێنێتەوە، ئەوا دەبێت هەست بەوە بکات پێداویستی کۆمەڵگە بۆ رۆژنامەگەری چییە؟ ئەم پێداویستییە کاتێك رۆژنامەنووسان هەستی پێدەکەن، ئەوا داوایەك رووبەڕووی حکومەت دەبێتەوە، ئەویش پێدانی زانیارییە وەك مافێکی رۆژنامەنووس، رۆژنامەنووس مافی خۆیەتی بە هاووڵاتیان بڵێت من ویستم زانیاری بۆ تۆ بێنم بەڵام حکومەت زانیاری نادات، کەواتە ئەرکێکی دیکەی حکومەت بۆ ئەوەی رۆژنامەگەر بتوانێت هاوکاری بکات، پێدانی زانیاری دەبێت، بۆ ئەمەش زۆر گرنگ دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسایەك ئامادە بکات، بە یاسایەك مافی پێدانی زانیاری بۆ رۆژنامەنووسان دیاری بکات، ئەم یاسایە ئەگەر بەشێوەیەکی هاوچەرخانە دەربچێت و رۆژنامەنووسان بەئاسانی بگەنە سەرچاوەکانی زانیاریی، ئەوا رۆژنامەگەری بە سروشتی خۆی دەبێتە کارێکی پرۆفیشناڵانەو ئەوەشی پرۆفیشناڵانە کار نەکات، هاووڵاتییان وەك پێویستییەك بۆ کۆمەڵگە سەیری ناکات.





## جۆزیف ڕۆناڵد ئەکوتی بۆ گوڵان:

# گەوهەری حکومڕانی باش، بەرەوپێشچوونە، گەوهەری بەرەوپێشچوونیش ئەوەیە پێداویستیە بنەڕەتیەکان بۆ خەڵک دابین بکرێت

**پرۆفیسۆر جۆزیف ڕۆنالد ئوستادی فەلسەفەو کارگێڕی گشتی لە زانکۆی کوازۆلۆناتال لە باشووری ئەفریقیاو پسپۆرو تایبەتمەندە لە بوارەکانی سێکتەری کارگێڕی گشتی، شرۆڤەی سیاسەتی گشتی، لامەرکەزیەت و بەرێ وەبردنی پەرەپێدان، بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی حکومڕانی باش، پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر جۆزیف رۆناڵد کرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

(( ماوەیەکی درێژە چەمکی حکومڕانی باش بۆتە بەرنامەو ئەجێندای نێودەوڵەتی، هەموو لایەنەکان لە وڵاتانی بەخشەرو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە پێویستە حکومڕانی باش پیادە بکرێت، بۆ ئەمەش چەند خاڵێکیان دەست نیشان کردووە کە بریتین لە:

یەکەم، سەرکردایەتیەکی باش و ئەخلاقی.
دووەم: دەبێت حکومەتەکە شەفاف بێت.
سێیەم: دەبێت حکومەتەکە بەرپرسیار بێت لە ئاست خەڵکدا.
چوارەم: دەبێت هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە بکرێت.
پێنجەم: دەبێت هاریکاری و هەماهەنگی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتیدا هەبێت.
شەشەم: دەبێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چالاك و تەندروست بن.
حەوتەم: پێویستە سەرچاوەکانی وڵاتەکە بە یەکسانی دابەش بکرێت.
هەشتەم: دەبێت، خزمەتگوزاریە گشتیەکان دابین بکرێن.

لەم چوارچێوەیەدا هۆکاری دەرەکی بۆ ئێستا کاریگەری لەسەر پیادەکردنی حکومڕانی



باش هەیە بە تایبەتی لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا،لایەنە کۆمەکبەخشەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی باس لەوە دەکەن ئەگەر وڵاتە تازەگەشەکردووەکان توانای پەرەپێدان و هێنانەدی حکومڕانی باشیان نەبێت، ئەوا هاوکاری و کۆمەکی داراییان لێدەبڕن، پێم وایە ئەمەش زۆر گرنگەو دەبێت وڵاتە تازەگەشەکردووەکان ئەوەندەی لە توانایاندایە هەوڵی برەودان بە حکومڕانی باش بدەن، بەڵام کاتێك درك بەوە دەکەن کە وڵاتانی ڕۆژئاوا هەوڵی هێنانەدی ئەجێندایەك دەدەن، ئەوا دەبێت وڵاتە تازەگەشەکردووەکان سنوورێك یان ستانداردێك دابنێین بۆ برەودان بەحکومڕانی باش، هەروەها دەبێت ڕێکخراوگەلێکی بەهێزی کۆمەڵگەی مەدەنی هەبن لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا کە داوای حکومڕانی باش لە سەرکردەکان بکەن. واتە نابێت هێنانەدی حکومڕانی باش لەلایەن لایەنە کۆمەك بەخشەکان، یان وڵاتە ڕۆژئاواییەکانەوە بسەپێنرێت، بەڵکو دەبێت خودی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان، خەڵکانی ئەم وڵاتانە داوای حکومڕانی باش لە سەرکردەکانیان بکەن. ئەمەش واتە دەبێت بپرسن حکومڕانی باش چییە؟ من پێموایە جەوهەری حکومڕانی باش، بەرەوپێشچوونە، جەوهەری بەرەوپێشچوونیش ئەوەیە پێداویستیە بنەڕەتیەکان بۆ خەڵك دابین بکرێت، وەك ئاو، کارەبا، پەروەردە و تەندروستی و تاد، کەواتە پێمان خۆش بێت یان نا، حکومڕانی باش گرێدراوی بەرەوپێشچوونە، بەشێکە لە بەرەوپێشچوون. بۆ ئەوەی بەرەوپێشچوونیش ڕوبدات، دەبێت پێداویستیە سەرەکیەکانی خەڵك دابین کرابێتن. هەر لەبەر ئەوەیە کە خەڵکی هەست بە بوونی حکومڕانی باش دەکەن، چونکە پێویستە پارەو دارایی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی تەرخان بکرێت، ئەمە ئەرکی سەرەکی حکومەتە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، ئەمە ئەرکی سەرەکی هەر حکومەتێکە کە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان دابین بکات، ئاسایش، ئاووکارەبا،

کە هەموو کەس داوای ئەمانە دەکەن. ئەرکی سەرەکی هەر حکومەتێك دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانە بۆ خەڵك و ئەگەر ئەم خزمەتگوزاریانەش دابین بکەن، ئەوا هەژاری کەم دەکەنەوە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا.

لایەنێکی دیکە ڕۆڵی پارتە سیاسییەکانە، بێگومان پارتە سیاسییەکان گرنگن، لەبەر ئەوەی پارتە سیاسیەکان حکومەت پێکدەهێنن، لە هەڵبژاردنەکاندا ململانێ دەکەن و ئەگەر لە دەسەڵاتدان نەبن داوای بەرپرسیارێتی دەکەن، هەروەها بێ بوونی پارتە سیاسیەکان ناتوانرێت هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و هەڵبژاردنیش بەشێکە لە حکومڕانی باش، بەهەمان شێوە دیموکراسیش بەشێکە لە حکومڕانی باش و بێ بوونی پارتە سیاسیەکانیش دیموکراسی بوونی نابێت، کەواتە ئەگەر پارتە سیاسییەکان دەرفەتی یەکسانیان لەبەردەمدا بوو بۆ ئەوەی ململانێ بکەن لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەوا ڕۆڵ و کاریگەرییان دەبێت لەسەر هێنانەدی حکومڕانی باش. بە هەمان شێوە کاتێك پارتی موعارەزە داوای بەرپرسیارێتی دەکات لە پارتی حکومڕان، ئەوا بەم شێوەیە پارتە سیاسیەکان برەو بە حکومڕانی باش دەدەن. پێمان خۆش بێت یان نا، تەواوی مەسەلەکە پەیوەستە بە شەفافیەت لە ناو پارتە سیاسییەکانەوە، هەروەها بەرپرسیارێتی لە ناو پارتە سیاسییەکاندا کاریگەری هەیە لەسەر حکومڕانی باش، کاتێك خەڵکی شەفافیەت و بەرپرسیارێتی لە پارتەکان و سیاسەتمەدارەکان بەدی دەکەن، ئەوا خەڵکی فێری ئەوە دەبن بەرپرسیارانە ڕەفتار بکەن، کەواتە خەڵکی لە سەرکردەکانەوە فێر دەبن، لەبەر ئەوە دەبێت سەرکردەو شوێنکەوتوان ئەم دوو خاڵە ڕەچاو بکەن. کاتێك بەو شێوەیە لە سەرکردەیەك دەڕوانرێت کە لە ئاست بەرپرسیارێتیدایە، ئەوا خەڵکیش بە هەمان شێوە ڕەفتار دەکەن، هەر لەبەر ئەمەش دەبێت پارتە سیاسییەکان و سەرکردەکان نموونەی باش پیشان بدەن بۆ ئەوەی هاووڵاتیانیش شوێن پێیان هەڵبگرن، هەر لەبەر ئەمەشە دەوترێت کاتێك ماسی بۆگەن دەبێت ئەوا لەسەرەوە بۆگەن دەبێت، کەواتە کاتێك سیاسیەکان گەندەڵ و خراپەکار دەبن، ئەوا ئەمە شۆڕ دەبێتەوە بۆ خوارەوە، کاتێکیش سەرکردەکان سەرکردەی باش دەبن، ئەوا هاووڵاتی باشیش دروست دەبن. بە کورتی بێ بوونی پارتە سیاسیەکان دیموکراسی بوونی نابێت، لەبەر ئەوەی پارتە سیاسیەکان ئەو سەرکردانەیان هەیە کە کار بۆ بەرەوپێشبردنی وڵاتەکە دەکەن، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە هاووڵاتیان وەك نموونە و سەرمەشق لە سەرکردەکان دەڕوانن، لەبەر ئەوە دەبێت پارتە سیاسییەکان خاوەنی ئەو بن کە دەبنە سەرمەشقی باش بۆ ئەوەی هاووڵاتیان شوێن پێیان هەڵبگرن.




## شیرلی ڕاندڵ بۆ گوڵان:

# گرنگە خەڵک بەشداری لە هەڵبژاردنی حکومەتدا بکەن و دواتر ئەو حکومەتە ڕاوێژیان پێبکات بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان

**پرۆفیسۆر شیرلی ڕاندڵ بەڕێوەبەری سەنتەری پۆرت فیلایە بۆ ریفۆرمی سێکتەری گشتی لە ئوستراليا و پێشتریش بەڕێوەبەری سەنتەری کەلتور و پەرەپێدان و جەندەر بووە لە کیاگالا لە ڕواندا، بۆ قسەکردن سەبارەت بە حکومڕانی باش، پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر شیرلی ڕاندل کرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

(( حکومڕانی باش بریتیە لە ( سەرکردایەتی باش، پابەندبوون بە سەروەری یاساوە، نەهێشتنی گەندەڵی، یەکسانی جێندەری و باشترکردنی توانای ئافرەتان، دەزگایەکی قەزائی کارا، بەشداری خەڵك، دابینکردنی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان) هەربۆیە بە تێڕوانینی من گرنگە خەڵك بەشداری لە هەڵبژاردنی حکومەتەکەیاندا بکەن و دواتر ئەو حکومەتە ڕاوێژیان پێبکات لە پێوەندیدا بە دابینکردنی پێداویستیەکانیانەوە. هەروەها پارتە سیاسییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی سەرەکی ببینن بە پێشکەشکردنی پاڵێوراوی ڕاستگۆ و لێوەشاوە، بە بەکارهێنانی لیستێك لە هەڵبژاردنەکاندا کە لەدوای هەر پاڵێوراوێکی پیاوەوە پاڵێوراوێکی ئافرەت هەبێت، لەمەش زیاتر گرنگە دەزگایەکی قەزائی بە تواناو بێلایەن هەبێت کە یاسای کارا بەکاربێت- ئەمەش پێویستی بە ڕاهێنان هەیە



و بە بەرەوپێشبردنێکی یاساکان و باش جێبەجێکردنیان و پێویستی بە هەڵگرتنی حەسانە هەیە. دەبێت یاسای باش جێبەجێ بکرێت. کە هۆکاری هاوکاری کردنی ئەم وڵاتانە لە ڕووی کار و بەرەوپێشچوونەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە متمانەیان هەیە بە نەبوونی گەندەڵی و بە سەروەری یاسا و بە سەرکردایەتی باش))

# سەرووەری کۆمەڵگا و فەیسبووکەکەی ڕێزدار کاک نێچیروان بارزانی






پرۆفیسۆر جەمال ڕەسوڵ*

یەکێـــك لەو دیاردە ترســـناکانەی کە لەو کاتـــەوە دەرگای دواڕۆژێکـــی ڕووناك بۆ کۆمەڵگای کوردستانی کراوەتەوە ئەو دوورییە بووە کە لەبەینی کۆمەڵگای کوردســـتانی و کابینەی حکومەتـــە دوابەدوایەکەکانیدا بەدیکراوەو جێگای داخ بووە کە ئەو کەلێنە بەرەو فراوانی کشاوە، بە ڕادەیەك کە ماوەی ســـاڵێك لەمەوبـــەر بەتەواوەتی مەترســـی پچڕانی لێ دەکرا.

خۆبەخۆیـــی و پێشـــێلی بەرژەوەنـــدی گشـــتی تەنیـــا کێشـــەی کۆمەڵـــگای کوردســـتانی نییە بەڵکـــو دیاردەیەکی چل ساڵەی سەددامییەت و شەڕە دوابەدوایەکانی و بەربەســـتە ئابووریەکانە کە جێ پەنجەی لە ســـەر هەڵســـووکەوتی گەورەو بچووکی کۆمەڵگاکەمان بەجێ هێشـــتووەو بەئاسانی و بەخێرایـــی بنبڕ ناکرێـــت، ئەمەش وەك دیاردەیەك کە بە تایبەتی دواڕۆژی خۆمان و نەتەوەکانی داهاتوومانی پێوە بەستراوەتەوە، دەبێت بە کارامانە کاری زانستیانەی لەسەر بکرێـــت و «کۆ» کاری و «کۆ» دەنگیی لەسەر بێت.

یەکێـــك لە وشـــە بە نرخەکانـــی ڕێزدار ســـەرۆکی داهاتـــووی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان ئەوەیە کە لە کۆتایی کابینەی پێنجەمدا فەرمووی ئەوەبوو کە بە ڕاشکاوانە دەستی لەســـەر یەکێك لە کەموکوڕییەکانی کابینەکەی دانا بەوەی کە بەڕێزە بڕیاردەران لەناو ســـاحەی تۆپێنەکەدا پاسیان بە پێی پێویســـت بە یـــەك نەدا. واتـــە لە جێگای «کۆ» کاری، زیاتر سەرقاڵی «خۆ»کاری بوون. ئەمەش تەنانـــەت ئاواتەکانمان دوور دەخەنەوەو ئەوەی دەر خســـت کە نەك تەنیا کەلێن و بەتاڵایی هەبووە لە بەینی کۆمەڵگاو حکومەتدا، بەڵکو ئەو بۆشاییە تەنیوەتەوە بۆ باڵەکانی حکومەتیش.

ئـــەم دیاردەیە بـــۆ ئێمەش لـــە دەرەوەی وڵاتیش دیار بوو کاتێك کە لە بەریتانیا وەك مامۆستایەك لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەوێ کارم دەکردو هەرلەو کاتەوە دەســـتبەکار بووم بـــۆ ئامادەکردنی پرۆژەیـــەك بەهیوای کار کردن لە سەری کە کاریگەریی هەبێت لەسەر بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، لەو گۆشەیەوە کە بە پێی تایبەتمەندیەکەم کە ئامارە کاری لەســـەر بکەم. دوای هەوڵدان لە دەستپێکی کابینەی پێنجەمدا بە گەیاندنی پرۆژەکە بە ڕێزدار سەرۆکی کابینەکە سەرکەوتووبووم.. پرۆژەکە نـــاوی پڕۆژەی «دایك»م لێ نابوو کە لە پلاتفۆرمی پێداویســـتی داتاو زانیاریەکانـــەوە کە لەم زەمانـــەدا بنەمای پێشـــکەوتنەکانە، کۆمەڵگاو بەشـــەکانی کەرتی تایبەت و گشتی و زانایانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان لێك نزیك ببنەوە. هێندەی پێ نەچـــوو بە فەرمانی ســـەرۆك وەزیران لەسەر پرۆژەکە دەستبەکاربووم و دوای چەند مانگێك لـــە جێبەجێ کردنیـــدا هەنگاوی پیرۆز نران کە لـــە هەرێمدا دەنگی دایەوەو هەر بە دەرکەوتنـــی ئەو ئەنجامانەش، زیاد خاوەندارێتـــی پەیدا بوون بۆی و بووە گرێ کوێرەو پرۆژەکە بەلادا هات.

دیـــاردەکان وای نیشـــان دەدەن کـــە کابینـــەی داهاتوو نزیکبوونەوە لە کۆمەڵگا و گوێبیســـتی خواســـتەکانیان یەکێـــك لە پێناســـە پیرۆزەکانی دەبێت، بەوەدا کە پێش دەســـتبەکار بوونی، ڕێزدارنێچیروان بارزانی دەروازەی دایەلۆگ و پێشنیار و ڕەخنەکانی بۆ گشـــت کۆمەڵگای کوردستانی بەرین و پاش سنوورەکەشـــی یەکلاکردۆتەوە. ئەم هەنگاوەش ئەگەر بە ئاســـتی دەوڵەمەندی خۆی بەگەڕ بخرێت، دەکرێت ببێتە بنەمای پلاتفۆرمێك کە لێوەی هەرێمە نازدارەکەمان لە سەروەرییەکانی کۆمەڵگاوە نزیك ببێتەوە.




## سەروەری کۆمەڵگا

هەرچەندە ئەم دروشمە لە دوو وشە پێکهاتووە، ناوەڕۆکەکەی گەلێک گەورەیەو بەرپاکردنی دەیان بەرانبەر قووڵترو گەورەترە، بەڵام پاداشتەکەی هێندە بەرزە کە لەوانەیە خەونی گشت کوردستانیەکی دڵسۆزی زۆر بە زیادەوە تێدابەدی بکرێت و لەگشت سامانە سروشتیەکانمان بەنرختر بێت، چونکە دەرئەنجامەکەی بەگەڕخستنی گشت توانا مرۆییەکان دەبێت بە کۆدەنگی و هاودەنگی و هاوبەشی لە دەرئەنجامی کردارەکانماندا بە چارەنووسی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و گشت تەوەرەکانی دیکەوە.

بەرپاکردنی ئەم ستراتیژە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بەشێوازێك دامەزراوە کە هەرچەندە بڕیاردان لە سەرەوە بەرەو خوار دەکرێتەوە سەروەری یاسا لە چاودێری پابەند بوونی تاك بە یاساکانەوە لە سەرووی هەموانەوەیە، هیچ یاسایەك بە ملپێچی لەگەڵ کۆمەڵگادا بەرپا ناکرێت و بنەمای یاساکان لەخوارەوە لەڕێگای نوێنەرانی کۆمەڵگاوە بەرەو ژوور دەبنەوە بەو شێوازەش کۆمەڵگا خۆی بە خاوەنیان دەزانێت. واتە ئەو یاسایەی کە لە کۆمەڵگاوە هەڵبقوڵێت، هەرخۆشی بەبێ ئازارچاودێری دەبێت و کێشەش لە چەسپاندنیدا هەرگیز دروست نابێت، واتە دەکرێ پرۆسەی سەروەری کۆمەڵگا لە بڕیارداندا لە خوارەوە بۆ سەرەوە بنیاد بنرێت و لە ناو ماڵی کوردستانەوە هەڵبقوڵێت و لە بازاڕو دوکانەکانماندا ڕەنگ بداتەوەو شارەکانمان بگرێتەوە لە ئاستی هەرێمدا و لەوێوە دەستنیشانی ڕەوتی هەرێم بکرێت لەگەڵ دەوروبەرو ئەودیویانەوە. بەشێکی باشی ئەمانەش پێوەندییەکی پتەویان هەیە بە بارودۆخی ڕامیاری ئێستای هەرێم بەرانبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتەکانی دوور لە لایەك و پلەو ڕادەی زانستی کۆمەڵگای خۆمان و هاوبەشانمان و تەنانەت ئەوانەش کە بەردەوام چاویان تێبڕیوین لە لایەکی دیکەوەو تەنانەت تەگەرە لەبەردەم پێشکەوتنەکانماندا دروست دەکەن.

## فەیسبووکەکەی سەرۆکی داهاتوو

بە مەبەستی هەڵسەنگاندنێکی خێرای لاپەڕەکە، مۆڵەتم بە خۆمدا کە بەو نامانەدا بچمەوە کە لە مانگی شوباتدا بۆ بەڕێزی نووسراون کە لە کۆیی گشتیان نزیکەی ٢٧٧٧ نامەبوون، زۆربەیان لە ٢٠١٢/٢/٢٠ دا بوون.

هەرچەندە مەبەستی سەرەکی لە کردنەوەی ئەم لاپەڕەیە هەر وەك بەڕێزیان دەریان بڕیوە بۆ ئەوەیە کە هاووڵاتیان بیرو بۆچوون و پێشنیارەکانیان بنووسن هەر وەك لە ڕەشنووسەکەی خۆیەوە دەفەرموێت «بەخۆشحاڵیەوە پێشوازی لە پەیامەکانتان دەکەم و هیوادارم ئەم لاپەڕەیە ببێتە کەناڵێکی تری پەیوەندی و دیالۆگ لە نێوانماندا».


## ژمارەی نامەکان بە ڕۆژانە لەم چارتەی کە نیشان دراوە، بڵاوی دەکەینەوە

ئەوەی شایەنی باسە، زۆربەی زۆری نامەکان پیرۆزبایی و بەخێرهاتنەوەو هیوای سەرکەوتن بۆ بەڕێزیان دەر دەبڕن و هەندێکیان داوای دیداری دەکەن کە ئەمانەش جێگای خۆشحاڵین.

هەندێکیان داوای زیاد کردنی مووچەی چەند بەشێکی فەرمانبەران دەکەن و هەندێکیان بە پێچەوانەوە دڵێن زیادکردنی مووچە تەنیا دەبێتە هۆی زیادەی زیاتری نرخەکان لە بازاڕو داوای زیاد کردن و پەرەپێدانی پسوڵەی خۆراك دەکەن.

هەندێك داوای لێخۆشبوونی پێشینە جیاجیاکان دەکەن و هەندێك داوای پابەندی ئەوانەی کە زەماڵەی خوێندنیان پێ دەبەخشرێت بە گەڕانەوەی تێچووی خوێندنەکەیان بەسەرکەوتن یان سەر نەکەوتن بەشێوەی مانگانە لە مووچەکانیان پاش گەڕانەوەیان.

**دروشمی سەروەری کۆمەڵگا ناوەرۆکەکەی گەلێك گەورەیەو بەرپاکردنی دەیان بەرانبەر قووڵترو گەورەترە. پاداشتەکەشی هێندە بەرزە کە لەوانەیە خەونی گشت کوردستانییەکی دڵسۆزی زۆر بە زیادەوە تێدابەدی بکرێت**




هەندێـــك داواكارن كـــە بەڕێزیان جێگری ســـەرۆكی پارتێكی تایبەتی نەبن و سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بن.

یەكێك دەڵێت لە جیاتی مۆڵ دروست كردن، خەڵك دابمەزرێنن و یەكێكیش دەڵێت لە كتێبی كاكائیەكاندا كە پێش ٧٥٠ ســـاڵ نووســـراوە دەڵێت كوردســـتانی گەورە بە دەستی جامانە سوور دروست دەبێت.

كـــۆی ٥١ پێشـــنیار لـــە ژێـــر چەتری دامەزراندنـــی حكومەتێكی موئەسەســـاتیدا جێگایان دەبێتەوە كـــە بریتین لە بنبڕ كردنی گەندەڵـــی و لێپرســـینەوەو بەرپرســـیاری و دەزگای نەزاهەو سەروەری یاساو حكومەتی كۆمەڵگاو چاكسازی دارایی و شەفافیەت و كەسانی شـــیاو بۆ شوێنی شیاوو بەرپاكردنی لامەركەزیەت.

كۆی ٨ پێشنیارەكان پێوەندییان بە چاكسازی ئابووریەوە هەیە كە خۆیان لە دروســـت كردنی شاری پیشەسازی و دامەزراندنی كۆمپانیای گـــەورەو ڕێگادان بە كردنـــەوەی كۆمپانیای هاوبەش لە بەینی كەرتی تایبەت و گشتیداو گرنگیدان بەبەرهەمی خۆماڵی و كشتوكاڵ و بایەخدان بە گوندەكان و ڕێگاوبانەكان.

كـــۆی ٢٠ پێشـــنیار پێوەندییـــان هەیە بە پشتگیری كۆمەڵگاوە كە خۆیان لە چاكردنی بارودۆخی پێشمەرگەو خێزانەكانیان و گەنجان و بیمەی بـــێ كاری و زەرەرمەندانی ڕابوردو و نیشـــتەجێی هارزان بۆ كـــەم دەرەمەتان و بێكاری و هەژاری و بەشكردنی ئاوو كارەباو تەندروستی و پەروەردە دەبینیەوە.

ئەمانـــەو چەنـــد پێشـــنیارێكی تریـــش كەشـــایەنی باسن وەك گرنگیدان بە ڕەهەندی كـــوردی لە دەرەوەی هەرێم و چاكســـازی لە پرۆژەی تواناســـازی مرۆییداو گرنگیدان بە منداڵان ئەویش بـــە دامەزراندنی كەناڵێكی تایبەت بۆیان وگرنگیدان بە هونەری كوردی و چاودێری بازاڕ و بەرگرتن لە كاڵای نەشیاو تێیدا.

## پێشنیار

بـــە بەرچاوگرتنی ئـــەم ئەنجامانە گرنگی و بێ نموونەیی ئەم هەنگاوە نیشان دەدات تەنانەت لە ئاستی جیهاندا ئەگەر بەرنامەیەكی تۆكمەی بۆ دابنرێت بۆ ســـوود لێ وەرگرتن بە هاوكاری كۆمەڵـــگا. لێرەدا پێش ئەوەی كە پێشـــنیارەكەم بخەمە بەرچاو بەشیاوی دەزانم كە باسی ئەوە بكەم كە لە تەمەنی كابینەی پێنجەمدا پێشـــنیارێكی تۆكمەم بەم شێوازە پێشكەشـــی جەنابی وەزیری پلان دانانی ئەوســـا كرد بەبـــێ ئەوەی ڕووناكی ببینێت. ئێستاو بە هەبوونی ئەم هەنگاوە پیرۆزەی جەنابی ســـەرۆك وەزیرانی داهاتوو، ئەو پرۆژەیە لەسەر هەمان تەوەرەوە دەكرێت بە كاراتر بەئەنجام بدرێت.

كورتەی پێشنیارەكە بەم شێوازەی خوارەوەیە:

١- جەنابی ســـەرۆكی حكومەتی داهاتوو لە فەیســـبوكەكەیەوە داوا لە هاووڵاتیان بكات كە بە بۆ چوونی خۆیان ســـێ (٣) پێشنیار بنووسن بۆ چاكســـازی لە تەنیا یەك تەوەرەی تایبەتیدا (بۆ نموونە: تەندروســـتی، پەروەردە، ڕۆڵی ئافرەت لە كۆمەڵگادا، ئابووری، هەســـتی بەهاونیشتیمانی بوون، ژیانەوەی گوندەكان، بارودۆخی پێشمەرگە دێرینـــەكان و خێزانەكانیـــان، بەڕێوەبەرایەتـــی و گەلێك تـــەوەری تر). بۆ ســـوودمەندی ئاماری و شـــیكردنەوەی زانستیانەو هەڵسانگاندنیان، هەر بەشدارێك داوای لێ بكرێت كە تەمەن و ڕەگەز و پلەی خوێندەواری و شێوازی كارەكەی بنووسێت.

**یەكێك لە وشە بە نرخەكانی ڕێزدار سەرۆكی داهاتووی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەوەیە: (بڕیاردەران لەناو ساحەی تۆپێنەكەدا پاسیان بە پێی پێویست بە یەك نەدا..)**

٢- دوای دووهەفتـــە، ئـــەو زانیاریانە لەلایەن تیمێكـــی شـــارەزاوە كۆبكرێنـــەوەو ڕیزبەندی بۆ پێشـــنیارەكان بكرێت و بە خشـــتەیەك هەر لەسەر فەیســـبووكەكە بـــە كۆمەڵـــگا ڕابگەیەنرێت تا لێوەی هەر تاكێك كە هاوبەشـــی كـــردووە بزانێت بۆچوونەكـــەی لەگـــەڵ ڕای گشـــتیدا چۆنە لەهەمان كاتدا داوایان لێ بكرێت كە ڕای خۆیان لەسەر ئەو ڕیزبەندیە تازە بكەنەوە یان بەو شێوازەی كە خۆیان بە باشـــی دەزانن، ڕیزبەندیەكی دیكە دەستنیشـــان بكەن و بینێرنەوە بۆ ســـایتەكە. بەم شێوازە، هەنگاوی «كۆ» دەنگی دادەمەزرێت.

٣- كۆنفرانســـێك بە هاوكاری پسپورانی بوارە دیاریكراوەكـــەو نوێنەرانی كۆمەڵگا ببەســـترێت و بەهـــاوكاری لایەنـــەكان ســـتراتیژی تایبەتی دابڕێژرێت بۆ بەئەنجامدانی چاكسازییەكە.

بەم شێوازە، كۆمەڵگا هەست دەكات كە بەشێكە لە بڕیاردان و بنیادنانی دوارۆژو ســـەرپێچی لە هـــەر بڕیارێك كە لەو بەرنامەیـــەوە بەرپا بكرێت دەگمەن دەبێت.


ئەم ڕێگا زانستیە بە «ڕەوتی دێڵفی» ناسراوەو چەندین توێژینەوەی زانســـتی تێـــدا كراوەو خۆم سەرپەرشتی پلەی دكتۆرام تێدا كردوە لە بەریتانیا و چەند توێژینەوەیەكم لە ئاستی جیهانیدا لەسەر بڵاوكراونەتەوە.

بۆ ســـوود وەرگرتن لـــە كات، دەكرێت تەوەرە جیاجیـــاكان بە تەریبـــی كاریان لەســـەر بكرێت و لـــە هەمان كاتـــدا، لە كەناڵە ئاســـمانیەكانەوە پێویســـتە هانی كۆمەڵگا بدرێت بۆ هاوكاری و بەشداربوون.

دەكرێت ئەم هەنگاوە پیرۆزە بكرێتە نموونەیەكی بێ هاوتا لە ئاســـتی جیهاندا لە نزیك كردنەوەی حكومـــەت و كۆمەڵـــگا كە لێـــوەی كۆمەڵگا خـــۆی بە خاوەنی بڕیـــارەكان بزانێـــت و هاوكار بێت لە چەســـپاندن و پاراســـتنیان و بەم شێوازەش كۆمەڵگاكەمان دەتوانێت بەرەو پێشـــەوە هەنگاوی گەورە بنێت و نەیارەكانی بەجێ بهێڵێت.

*** پرۆفیسۆری ئامار**

# تەنیا ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق دوورکەوتنەوەیە لەئەقڵیەتی شۆڤینی و تاکڕەوی





مەزنــدە و پێشـــبینییەکان بۆ ئاییندەی عێراق دڵخۆشــکەر نیــن، لەبەر ئەوەی بێجگــە لــەوەی عێراق بۆتە بەشـێك لەتەنگــژەی سیاســی و ئاســایش و ناســەقامگیری، لەهەمانکاتدا قەوارە سیاســییەکانیش ناتوانن لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراق هەنگاو بۆ چارەســەرکردنی کێشەکان هەڵبگرن، بەڵام ئەم خواستە لای قەوارە سیاسییەکان خودی ســەرۆك وەزیرانی عێراق نییە، سەبارەت بەم لایەنە پرســیارمان لەنزار جەنابــی پســپۆر لەدۆســیەی عێراق لەئامۆژگای واشــنتۆن بۆ دیراســاتی ستراتیژی کرد ســەبارەت بەم لایەنە و لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی خســتەروو و وتی: (عێراق لەپێکهاتەی جیاواز پێکهاتووە و ناتوانرێت بەتەنیــا لایەنێك یان بە تەنیا کەســێك حکومڕانی بکرێت. کێشــەکە لەئێستادا ئەوەیە لایەنێــك یان پارتێــك دەیەوێت دۆخەکە بەرەو قەیرانێکی بەردەوام ببات، لەو پێناوەشــدا سیاســەتی دابەشکردن و زاڵبوون پیــادە دەکات، لەبری ئەوەی هەوڵی دروســتکردنی کۆدەنگی بدات و چەنــد پارتێك یان چەند شــەریکێك بەشــداربن لەحکومڕانیکردنی وڵاتدا. ئەمە تا ئەندازەیەکی گەورە مەترسیدارە لەســەر ئاییندەی عێــراق و پێموانییە بتوانرێــت بەئاشــتیانە بــەردەوام بێت، لەکۆتاییــدا خەڵکی هەوڵــدەدەن خۆیان لەم گرژییە ڕزگار بکەن و هاووڵاتیانیش دەیانەوێــت بەردەوامی بەژیانیان بدەن و خزمەتگوزارییەکانیــان بۆ دابین بکرێت، بــێ حکومڕانێتییەکی گونجــاو و بێ کۆدەنگی سیاســی ئــەوە ڕوونادات. دوو ســێ ڕۆژ پێــش ئێســتا وتارێك لەرۆژنامــەی «واشــنتۆن پۆســت» بڵاوکرایەوە کە بەراوردی نێوان کوردستان و بەغدا دەکات و تیشــك دەخاتە ســەر جیاوازیەکان، جیاوازی لەدەستکەوتەکان، لەرەوشــی ژیان، بنیاتنانەوە، کە تەرکیز لەســەر بەرەوپێشــچوونە بەدیهاتووەکان دەکات لەکوردســتاندا بە بــەراورد بەو ناکاراییــەی لەبەغدا هەیە. بەراســتی هەنــگاو هەڵگرتنی بەڕێــز مالیکی بــۆ تاکــڕەوی یەکێکــە لەمەترسییە ســەرەکییەکان، دوای هەڵمژینی هەوای ئازادی هەمــوو لایەنەکان ملکەچکردن بــۆ تاکــڕەوی ڕەت دەکەنــەوە، بەڵکو بەرەنــگاری دەبنــەوە و لەحکومەتــی مەرکەزی جیادەبنــەوە. هەروەها دەبینین کە داواکاری بۆ فیدراڵیەت لەزیادبووندایە و هەوڵــی حکومەتــی مەرکــەزی بۆ خەفەکردنــی ســەرکەوتوو نابێت، بەڵام پێموایە دوای کارکردن و هەوڵدان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا و ســەرکەوتنەبوون لەم هەوڵانەدا، ئەوا ئەم ناوچە یاخود ئەم بەشە پەراوێزخراوەی دانیشتوانی تەواوی هەوڵی خۆی دەخاتەگــەڕ بۆ هێنانەدی ئەوەی بەلایەوە قبوڵکراوە. بەڵام لەهەموو بارێکــدا وای دەبینــم ئــەم وڵاتە چیتر بەرگەی شــەڕی دیکــە ناگرێت، ئەمە زۆر مەترســیدارە، وڵاتەکە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دووچاری شــەڕ بوو خەڵکیش شــەکەت و هیلاك بوونە، کەواتە ناتوانین درێژە بەشــەڕ بدەین و ناتوانین بەرگەی

**دەوڵەتە دراوسێکان گرنگی و بایەخ بە بەرژەوەندیەکانی هاووڵاتیانی خۆیان دەدەن نەك هاووڵاتیانی عێراق. ئەوە کاری حکومەتی عێراق یاخود سیاسییەکانی عێراقە کە بایەخ بە بەرژەوەندی خەڵکی عێراق بدات**

بگرین و ئەمەش زۆر مەترســیدارە لەسەر ئاییندەی وڵاتەکە)).

نزار جەنابی جەختی لەســەر ئەوە کردەوە کە مەترســی ســەرەکی تاکڕەوییە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە و ســەبارەت بە بەراوردی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، کە وەك خۆی ئاماژەی پێکرد ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆســت زۆر بەجوانی ئــەو جیاوازیانەی دیاریکــردووە، بۆیە پرســیاری ئەوەمان لێکرد ئاخــۆ ئەو چۆن بــاری هەرێمی کوردستان هەڵدەسەنگێنێ؟ لەوەڵامی ئەم پرســیارەدا جەنابی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خســتەروو وتی: (من متمانەم بەسیاســییەکانی هەرێمــی کوردســتان هەیە کە کار بکەن و حیکمەتی سیاســی خۆیان بەکاربهێنن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشــانە لەگەڵ بەغدا، من لەگەڵ چەند سیاسییەکی کورددا کارم کردووە

و سەرنجی ئەو هەڵوێستانەم داوە کە هەرێمی کوردستان وەریان دەگرێت، ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە بەژیرییەکی زۆرەوە ڕەفتار دەکەن، هەروەها بە خۆزەبتکردنێکی زۆرەوە، لەهەمان کاتدا ئەوان کار دەکەن بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خەڵکەکەیان. کە خەڵکیش دەیەوێت سیاسییەکان ئەو کارە بکەن، دەیانەوێت سیاسییەکان خۆیان زەبتبکەن، بڕیارەکان بەجددی وەربگرن و بەرژەوەندییەکانی خەڵك بهێننەدی. هەرچۆنێك بێت، ڕاستە کارکردن لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا قورسە، بەڵام من متمانەیەکی زۆرم بەسیاسییەکانی کورد هەیە کە بتوانن کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی چارەسەر بکەن، ئەویش یان بەهۆی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەوە، یاخود بەهۆی ڕێکخستنەوەی هەڵوێستەکانیان لەئاست حکومەتی مەرکەزی و هاوپەیمانێتی لەپەرلەماندا)).

### کۆنگرەی نیشتمانی
### کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا

ڕێرای ئەوەی قەوارە سیاسییەکانی شیعەو سوننە لەناوخۆیاندا کێشەیان زۆرە و هەر ڕۆژە و لایەکیان ئەوی دیکە تۆمەتبار



**نزار جەنابی بۆ گوڵان:**

**لایەنێک یان پارتێک دەیەوێت دۆخەکە بەرەو قەیرانێکی بەردەوام ببات، لەو پێناوەشدا سیاسەتی دابەشکردن و زاڵبوون پیادە دەکات**

دەکات و لەگەڵ ئەوەی لایەنی کوردستانی تائێستا هەموو هەوڵی بۆ ئەوەبووە خۆی نەکاتە بەشێك لەو کێشەیە، بەڵام هەوڵی دیکەش هەن کە لایەنی کوردستانی بکەنە لایەنێك لەکێشەکە بەتایبەتی وەك کێشەی نێوان تاریق هاشمی و نوری مالیکی کە دوور و نزیك پێوەندی بەلایەنی کوردستانییەوە نییە، سەبارەت بەم لایەنە و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا وەك ئەجێندایەکی گشتی کە چاوەڕێ دەکرێت لەچوارچێوەی کۆنگرەیەکی نیشتمانیدا بخرێنە بەرباس، بەڕێز فوئاد مەعسوم سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لەپەرلەمانی عێراق لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (سەبارەت بەکێشەی هاشمی من لەچەند دیمانەیەکی تریش ئەمەم وتووەتەوە، کەسێك کە خۆی هاویشتە ماڵت ناکرێت پەلبەستی بکەیت و تەسلیمی لایەنێك یان نەیارەکانی بکەیتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەوڵی ئەوە دەدەیت کە چارەسەری کێشەکەی بکەی، ئەگەر مەسەلەی عورفی کوردەواری تەماشا بکەین یەکێك بکوژە کەسێکی کوشتووە تەنانەت خۆی دەهاوێتە ماڵی یەکێك لەخاوەنی کوژراوەکە، لێرەدا دۆخەکە بەجۆرێکی تر دەگۆڕدرێت، بۆیە ئێمە لێرەدا کەوتوینەتە بەینی دوو سێ حاڵەت، لەلایەکەوە ئێمە ناتوانین بڕیاری دادگا بشکێنین و دژی بووەستینەوە، هاوکات هەندێك تەقالید نەریت هەیە پێویستە موراعاتی بکەین، ئەگەر تاریق هاشمی بچووبایەتە ماڵی هەر بەرپرسێکی باڵای بەغدا وا دەزانم ئەویش تەسلیمی نەدەکردو هەوڵی ئەوەی دەدا کێشەکە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە وەك چۆن هەڵوێستی کوردیش هەمووی لەگەڵ ئەم شێوازەی دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ ئەو کێشەیە. سەبارەت بەکێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداش بۆ ئاگاداریتان مەسەلە هەرە بنەڕەتییەکە تەنیا وەرەقەی کوردی نییە بە تەنیا، بەڵکو شێوەی حوکمڕانییە لەم وڵاتەدا، ئەوە نییە بەرانبەر بەکورد هەڵوێستێك هەبێت و ئێمە داوا بکەین لەو کۆنگرەیە چارەسەری کێشەکانی خۆمان بکەین، ئەمە زەمانی جاران یان زوو نییە، دانوستاندن بکەین و داواکاری پێشکەش بکەین و بکەوینە گفتوگۆ داخوا لەسەر



**فوئاد مەعسوم بۆ گوڵان:**

**وەک هەموو لایەنەکانی حوکم خاوەنی ئەم عێراقەین، بۆیە دەبێت گوێبیستی ڕەئیمان ببن و حیسابیشی بۆ بکرێت**

چەند خاڵ ڕازین و لەسەر چەند نارازین، ئێمە ئەمڕۆ وەك هەموو لایەنەکانی حوکم، خاوەنی ئەم عێراقەین، بۆیە دەبێت گوێبیستی ڕەئیمان ببن و حیسابیشی بۆ بکرێت. هەربۆیە دەبێت لەئێستاوە ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین کە حوکمڕانی لەعێراق حوکمڕانییەکی دیموکراتی بێت و لەو لایەنەوە هەوڵی خۆمان بخەینە گەڕ بۆ پاراستنی دیموکراتیەت لەعێراقدا، ڕاستە هەندێك کێشە لەنێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی بەغدا هەن، بەشێکی پێوەندی بەیاسای نەوت و غازەوەیە بەشێکیان پێوەندی بەماددەی ١٤٠وەیە، شتێکی تازەشی هاتۆتە سەر کە مەسەلەی تاریق هاشمییە، کە پێویستە چارەسەر بکرێن))، کەواتە بەپێی بۆچوونەکانی فوئاد مەعسوم وەرەقەیەك بۆ کۆنگرەی نیشتمانی ئامادەکراوە بۆ ئەوەی هەموو پرسەکانی تێدا چارەسەر بکرێت، بەڵام ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە ئەم کۆنگرەیە دوا دەکەوێت و دەکەوێتە دوای گرێدانی لوتکەی کۆمکاری عەرەبی کە بڕیارە لەکۆتایی ئەم مانگە لەبەغدا گرێبدرێت، سەبارەت بەم کۆبوونەوەیەش فوئاد مەعسوم لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (ئەگەر بکرێت هەموو لایەك ڕێکبکەون لەسەر ئەوەی ئەو کۆبوونەوەیە

پێش کۆبوونەوەی باڵای عەرەبی بێت زۆر زۆر باشترە، چونکە عێراق یەك هەڵوێستی دەبێت بەرانبەر رووداوەکانی ناوخۆی عێراق و ناوچەکەش، بۆ ئەم بڕیارە دەبێت هەموو لایەنەکان رەزامەندی لەسەر دەربڕن، دەنا ئەگەر کۆبوونەوەیەك بکرێت و لەسەر ئاستی بەرز هەندێك بەشداربن و هەندێك بەشدار نەبن مانای ئەوەیە کۆبوونەوەکە سەرکەوتوو نابێت)).

### دەستێوەردانی ئیقلیمی و کاریگەری ئەمریکا

کێشەیەکی دیکەی عێراق کە ئێستا هێندەی دیکە بارودۆخی عێراقی ئاڵۆز کردووە، کێشەی کاریگەری و دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێی عێراق و نەبوونی کاریگەری ئەمریکایە لەناو ئەم هاوکێشەیەدا، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر تۆماس کسینی بەرێوەبەری سەنتەری فلیپ میرل بۆ دیراساتی ستراتیژی کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە و وتی: ((هەر پێشبینیکردنێك لەبارەی ئاییندەی عێراقەوە تەنیا گریمانەکردنێکی بەربڵاوە. بەڵام سێ رێگاچارە هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە لەماوەی ساڵێك یان زیاتر، لایەنە سیاسییە جیاوازەکان رێکبکەون لەسەر ئەوەی وڵاتەکە بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە و جیاوازیەکانی نێوان شیعە و سوننە و کوردەکان چارەسەر بکەن. رێگاچارەی دووەم، ئەوەیە کە ئەگەرچی نەتوانرێت وڵاتە یەکگرتووەکە بەشێوەیەکی مەرکەزی لەلایەن بەغداوە بەرێوەبچێت، ئەوا هەرێمی فیدراڵی دروست بێت، کە ئەمە زیاتر کوردەکان خواستیان لەسەر دەبێت، بەڵام ئەمە زیاتر ئەگەری ئەوەیە لەکوردستاندا پیادە بکرێت، نەك لەبەشەکانی دیکەی عێراق، لەنێوان شیعە و سوننەدا، کە سەرەڕای کاردانەوەکانی دە ساڵی رابردوو، تێگەیشتنی من ئەوەیە کە هێشتا شیعە و سوننە پێکەوە گرێدراون کە لەناوچە جیاوازەکانی عێراقدا دەژین و ئەمەش وا دەکات دروستکردنی ئەو هەرێمانە زۆر زەحمەت بکات بەچەشنێك کە ببێتە هۆی رازیکردنی هەموو لایەنەکان، کە بەشێوەیەکی یەکسان یاخود بەپێی شێوەیەکی رێژەیی داهاتی سەرچاوەی نەوت دابەش بکرێت. بەڵام رەفتاری تاکڕەوانە یان هەنگاو هەڵگرتن بۆ تاکڕەویی دابەشبوونی نێوان عێراقیەکان زیاتر دەکات. لەوانەیە مەترسی شەڕی ناوخۆ بێتە ئاراوە، بەدڵنیاییەوە شەڕی ناوخۆ عێراق دەخاتە مەترسیەوە و ئەگەری دەستێوەردانی دەرەکی زیاتر دەکات، پێموایە دەستێوەردان لەم کاتەدا لەلایەن هەر وڵاتێکی دیکەوە کێشەکان خراپتر دەکات. ئەویش کاتێك هەوڵی بەهێزکردنی لایەنێك دەدرێت یان هەوڵ دەدرێت لایەنێك زیاتر دەستدرێژکار بێت و حکومەتی عێراقیش زیاتر کۆنترۆڵی بەسەر ئاییندەوە نامێنێت. ئەمریکاش لەم قۆناخەدا خۆی لەهەر دەستێوەردانێکی سەربازی بەدوور دەگرێت لەعێراقدا، بەڵام بەهەر شێوەیەك بتوانێت هەوڵی کاریگەربوون دەدات ئەویش لەڕێی هاوکاری ئابوورییەوە، یاخود لەڕووی هاندانی وڵاتانی دیکەی ناوچەکەوە بۆ ئەوەی دەستێوەردان نەکەن لەکاروباری ناوخۆی عێراقدا، یاخود کار بۆ بەرەوپێشچوونی ئیجابی بکەن لەعێراقدا، کەواتە مەزەندەی من ئەوەیە ئەمریکا رێوشوێنی دیکە، جگە لەدەستێوەردانی سەربازی، لەعێراقدا بەکار دەهێنێت)).

ئەوەی پرۆفیسۆر تۆماس کینی جەختی لەسەر کردەوە ئەوەبوو کە دەستێوەردانی دەرەکی بارودۆخەکە خراپتر دەکات و ئەمریکاش بەرێگەی دیکە جیاواز لەدەستێوەردانی سەربازی هەوڵدەدات مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکات، بەڵام نزار جەنابی لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان سەبارەت بەم لایەنە حکومەتی عێراق بەهێنانی دەستی دەرەکی تۆمەتبار دەکات و پێشیوایە ئەمریکا بەهێزی نەرم مامەڵە لەگەڵ باری عێراق دەکات، لەمبارەوە وتی: ((دەمەوێت بڵێم، ئەگەر من لەجێی ئێران یان سعودیە یان هەر دەوڵەتێکی دراوسێی عێراق بم، ئەوا کاری من وەك حکومەتی وڵاتێکی دیاریکراو، یان وەك سەرکردەی وڵاتێکی دیاریکراو ئەوەیە کە بیر لەوە بکەمەوە بەرژەوەندی خەڵکەکەی من لەچیدایە. دەوڵەتە دراوسێکان گرنگی و بایەخ بە بەرژەوەندیەکانی هاووڵاتیانی خۆیان دەدەن نەك هاووڵاتیانی عێراق، ئەوە کاری حکومەتی عێراق یاخود سیاسییەکانی عێراقە کە بایەخ بە بەرژەوەندی خەڵکی عێراق بدات، لەبری ئەوەی کار بەو ئەجێندایانە بکەن کە لەسنوورەکانەوە دێن. کەواتە من ئۆباڵەکە ناخەمە ئەستۆی وڵاتانی دیکە کە دەستێوەردان دەکەن، بەڵکو ئۆباڵەکە دەکەوێتە سەر ئەو کەسانەی رێگە بەو دەستێوەردانانە دەدەن. سەبارەت بەئەمریکاش من پێموایە ئەمریکا بەهێزی نەرم مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی عێراق دەکات، ئەمریکا چەندەها دۆستیان لەعێراقدا هەیە، هەروەها سەرچاوەیەکی زۆریان بەگەڕخستووە تێیدا، لەلایەکی دیکە ئەمریکا لەسەر ئاستی ئیقلیمیش زۆر دەسترۆیشتووە، کە پەیوەندیەکی زۆر باشی لەگەڵ نزیکەی هەموو وڵاتە دراوسێکاندا هەیە، جگە لەئێران و لەئێستاشدا سوریا. دەکرێت ئەمە بەکاربهێنرێت بۆ کاریگەربوون



تۆماس کسینی بۆ گوڵان:

**شیعە و سوننە پێکەوە گرێدراون و لەناوچە جیاوازەکانی عێراقدا دەژین، ئەمەش وا دەکات دروستکردنی هەرێمی فیدراڵی زۆر زەحمەت بێت**

بەسەر سیاسەتی دەرەوەدا و هاوکاری بکەن لەپرۆسەی بڕیارداندا لەناوخۆی عێراق و لەدراوسێکانی عێراقدا. هەروەها ئەمریکا ئامادەییەکی سەربازی گەورەی هەیە لەدەوروبەری عێراق، لەسعودیە، لەکوەیت، لەتورکیا، لەقەتەر و لەکەنداو، کەواتە ئامادەییەکی سەربازی گەورەی هەیە، کە ئەگەر پێویست بکات، ئەمریکا دەتوانێت بەهۆی بەکارهێنانی هێزی نەرمەوە کاریگەر و دەسترۆیشتوو بێت، بەڵام لەئێستادا پێموایە ئەوە بڕیاری ئیدارەی ئەمریکایە کە هێزی نەرم یان هێزی توند بەکار بهێنێت)).

عارف تەیفور
جێگری سەرۆکی
پەرلەمانی عێراق
بۆ گوڵان:

# جارێکی تر کەس ناتوانێت عێراق بەرەو تاکرەوی ببات ئومێدەوارم مالیکییش ئەو ڕۆژانەی لەبەرچاوبێت کە تاکرەوی عێراقی بەکوێ گەیاند



**عارف تەیفور ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، بەگوڵانی ڕاگەیاند کێشەو ناکۆکیەکانی نێوان هەردوو لایەنی سوننە و شیعە هێندە زۆرن زۆر زەحمەتە بتوانرێت بەئاسانی چارەسەر بکرێت، سەبارەت بەڕۆڵی لایەنی کوردستانیش لەو پرۆسەیەدا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە لایەنی کوردستانی بەردەوام هەوڵیداوە ڕۆڵی میانگیر ببینێت و نەبێتە بەشێك لەکێشەکە، سەبارەت بەکێشەی تاریق هاشمیش کە ئێستا هەندێك لایەن دەیانەوێت هەرێمی کوردستان بکەنە ناو ئەو کێشەیە، ئاماژەی بەوەکرد کە پێش ئەوەی هاشمی بێتە کوردستان بە١٥ ڕۆژ فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، هەروەها هاشمی بەڕێگەی فڕۆکەخانەی بەغدا هاتۆتە کوردستان و ماوەی ٤ کاتژمێر لەفڕۆکەخانە بووەو سەرۆك وەزیران خۆی فەرمانی داوە سەفەر بکات، بۆیە ئێستا ئەو قسانەی دەکرێت تەنیا هەوڵێکە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ئیحراج بکرێت، دەربارەی ئەم پرسانە و کۆمەڵێك پرسی دیکە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، عێراق کەوتۆتە ناو چەندین تەنگژەی سیاسییەوەو تائێستاشی لەگەڵدا بێت تەنگژەکان بێ چارەسەر ماونەتەوە، ئەمەش نەك کاروچالاکییەکانی حکومەتی پەکخستووە، بەڵکو خەریکە مەترسی گەورە بۆ سەر داهاتووی عێراقیش دروست دەبێت، ئایا ئەگەر ئەو تەنگژە سیاسییە بێ چارەسەر بمێنێتەوە، بەڕای بەڕێزتان، ئایندەی ئەم وڵاتە بەرەو کوێ دەگات؟**

- هێزەکانی ئەمریکا بەپێی ئەو ڕێکەوتنە ستراتیژییەی لەنێوان ئەو دوو وڵاتە مۆر کرابوو، کشانەوە. بێگومان بەر لەکشانەوەش ناکۆکییەکی زۆر لەنێوان لایەنەکانی عێراقی هەبووە، ئیتر لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ناکۆکییەکان زیاتر و قووڵتر بوونەوە تا ڕاددەیەك گەیشتە ئەوەی یەکتری تاوانباربکەن بەوەی گوایە دەستیان لەکاری تیرۆرکاری دژ بەیەکتر هەبێت، بۆ نموونە تاوانبارکردنی تاریق هاشمی یەکێکە لەو تۆمەتبارکردنانە، لەبەرەنجامی ئەو ناکۆکییانە دروست بووەو ئێستاش ئەو ڕایکردووەو لەهەرێمی کوردستانە، ئەم گرفتەو ئەوانی تریش بێ چارەسەر ماونەتەوە، هەروەها تا ئێستاش نەیانتوانیوە پۆستە سەربازی و ئەمنییەکان یەکلایی بکەنەوە، کە بەدەست دەوڵەتی یاساوە ماوەتەوەو مالیکی خۆی سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئەو پۆستانە دەکات و لێیان بەرپرسە، ئەمەش جێی نیگەرانی هەموو لایەنەکانی ترە، بەتایبەتی لایەنی سوننەو لایەنی کوردیش، چونکە دەبوایە هێزە ئەمنییەکان بەدەست کەسانی بێلایەنەوە

**نەتوانراوە پۆستە سەربازی و ئەمنییەکان یەکلایی بکرێتەوە کە بەدەست دەوڵەتی یاساوە ماوەتەوەو مالیکی خۆی سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئەو پۆستانە دەکات**

**گەر بێت و هەموو کێشە سیاسییەکان چارەسەر نەکرێن تا دوای بەستنی کۆنگرەی کۆمکاری عەرەبی، ئەوە بەتەئکید پرۆسەی سیاسی لەم وڵاتەدا بەرەو لێکترازان و پوکانەوە دەڕوات**

هەڵسوڕابایە، بەتایبەتیش ئەو کەسانەی سەرپەرشتی ئەم هێزە ئەمنیانە دەکەن پێویستە دوور بن لەمەسائیلی حزبییەوە، ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی دووبەرەکێی توند لەنێوان هەموو لایەنەکان دروست بێت، ئەوەبوو هەوڵی بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی دەدرا تا ئەو ڕێکەوتننامەیەی لەهەولێر کرابوو، خاڵەکانی جێبەجێ بکرێن، بەو خاڵانەشی کە دەوڵەتی یاسا لەدوای ڕێکەوتنەکە لێی پاشگەزبۆتەوەو چەند خاڵێکی تریشی بۆ زیاد بکرێت، بەڵام پێش گرێدانی کۆنگرەکە، کێشەی گەورەتر هاتونەتە پێشەوە، یەکێك لەوانە کردنەوەی دۆسیەی تۆمەتبارکردنی کردنی تاریق هاشمی و هەروەها کێشەی ساڵح موتڵەگە، کە ئەمەی دواییان چەند شتێکی لەسەر نوری مالیکی ڕاگەیاندبوو لەبەرانبەریشدا مالیکی نامەیەکی بۆ ئێمە نارد کە ئیقالەی بکەین، بەڵام ئێمە تا ئێستا ئیقالەمان پێ نەکردووە، چونکە بەگرفتێکی سیاسی دەزانین، هەموو ئەم کێشانە ئەگەر چارەسەر نەکرێن تا دوای بەستنی کۆنگرەی کۆمکاری عەرەبی ئەوە بەتەئکید پرۆسەی سیاسی لەم وڵاتەدا بەرەو لێکترازان و پوکانەوە دەڕوات، چونکە هەموو لایەنەکان بەرەو دوورکەوتنەوە لەیەکتری دەچن و پشت دەکەنە یەکتر و لەیەکتری نزیك نابنەوە، هۆکاری یەکەمیش دەگێڕدرێتەوە بۆئەوەی کە ئەو گرووپەی کە دەسەڵاتی بەدەستە ئامادەیی تێدا نییە لەوانی تر تێبگات و کێشەکان بەرەو چارەسەر ببات.

*** ئەگەرچی کێشەی نێوان مالیکی و عەللاوی ناکۆکییەکە لەنێوان دوو قەوارەی سیاسییە، بەڵام ئەمە تەشەنەی سەندووە بۆ ئەوەی مەترسی شەڕی نێوان سوننەو شیعەی لێ سەرهەڵبدات، ئایا ئێوە وەك لایەنی کوردستانی چۆن سەیری لایەنەکانی ئەم کێشەیە دەکەن؟**

- لەڕاستیدا لەنێوان سوننەو شیعەدا ناکۆکی و دووبەرەکی هێندە زۆرن ئاستەمە بگەنە ئاکامێکی یەکلاکەرەوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوانیان، تەنانەت لایەنەکانی سوننە وێڕای ئەو هەموو کێشانەی لەگەڵ لایەنەکانی شیعەدا هەیانە، بەڵام لەبەرانبەر لایەنی کوردی نەرمیان پیشان نەداوە و، ئامادەیی خۆیان پیشانی هاوپەیمانی کوردستانی نەداوە تا پێکەوە بتوانین هاریکار و هەماهەنگ بین بۆ ئەوەی گرفتەکان چارەسەر بکەین، بەپێچەوانەوە زۆربەی زۆری بەرپرسانی کورد تا ئێستاش لایەنی شیعەیان پێ باشترە وێڕای ئەو هەموو ناکۆکیانەی کە حکومەتی ناوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیەتی، لەبەرچی، بۆنموونە لەم ڕۆژانەدا کاتێك لەلایەن لیژنەی شەهیدانەوە لەئەنجومەنی نوێنەران یادی هەڵەبجە کرایەوە، لەهۆڵەکەدا یەك ئەندامی لیستی عێراقیە ئامادە نەبوون هاوبەشیمان بکەن لەو یادە کارەسات ئامێزەدا، بەڵام ئەو شیعانەی کە ناکۆکن لەگەڵمان بەتایبەت زۆربەی بەرپرسانی دەوڵەتی یاسا هاتبوون لەو یادەدا هاوبەشییان کرد، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە سوننەکان هەر لەو خەیاڵاتە کۆنینەی خۆیان

**زۆربەی زۆری بەرپرسانی کورد تا ئێستاش لایەنی شیعەیان پێ باشترە وێڕای ئەو هەموو ناکۆکیانەی کە حکومەتی ناوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیەتی**



پێیانوایە پێویستە هەر خۆیان حوکمی ڕەهای ئەم وڵاتەیان لەدەست بێت، بۆیە سوننە بەهیچ شێوەیەك نەیتوانیوە کورد لەخۆی نزیك بخاتەوە تا فشارێکی گەورە دروست بکات و کێشەکان چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵکو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کێشەکانی سوننە لەبەرانبەر شیعەو کورد گەورەتر دەبن، هەروەها هەفتەی ڕابردووش ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ بەکۆی دەنگ ئەو بڕیارەیان دەرکردووە کە گوایە ناوچەکانی موسڵ لەدەرەوەی ماددەی ١٤٠ و ئەو بڕیارانەی پابەندن بەو ماددەیە ناوچەکانی موسڵ ناگرێتەوە، ئەمانە هەمووی بوونەتە هۆی ئەوەی کە لایەنی سوننە لەکوردیش دوور بکەوێتەوەو لەبەرانبەر لایەنی شیعە بەتەنیا بمێنێتەوەو کێشەکانی زیاتر بە کەڵەکەکراوی لەسەر یەك بکەوێت..

*** لەسەر دۆسیەی تۆمەتبارکردنی تاریق هاشمیی بۆچی هەندێك لایەن دەیانەوێت هەرێمی کوردستان بەو بابەتەوە تێوەگلێنن؟**

- ململانێ و ناکۆکییەك لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئەو لایەنانە هەیە، ئیتر لایەن هەیە بەردەوام لەپیلانڕێژیدایە بۆ هەرێمی کوردستان، ئێستا یەکێك لەو پیلانانە کە تەونی بۆ دەڕێسرێت مەسەلەی تاریق هاشمییە، ئەگینا پازدە ڕۆژ پێش ئەوەی بێتە کوردستان فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووبوو، دوای ئەو پازدە ڕۆژە ئینجا چووەتە ناو فڕۆکەخانەو نزیکەی چوار کاتژمێر لەوێ ماوەتەوەو بەگیریان هێناوە، دواتر سەرۆك وەزیران خۆی ئاگاداری بووە کە ئیزنیان داوە بڕواتە کوردستان، لەگەڵ نائیبی دووەمی سەرۆك وەزیران خۆیدا بووە، ئەمە ئەگەر پیلان نەبێت بۆچی لەو هەموو کاتەی لای خۆیان بووە دەسبەسەریان نەدەکرد، تا ئەو سەعاتەی گەیشتە کوردستان ئینجا کە گەیشتۆتە هەرێم ئەوجا دەڵێن ئادەی بۆمان بنێرنەوەو تەسلیمی بکەنەوە، ئەوەش بۆ ئەوە بوو هەرێم تووشی ئیحراجی بکەن و هەرێم تۆمەتبار بکرێت بەوەی مافی مرۆڤی پێشێل کردووەو بەپێچەوانەی هەموو عورف و دابێك تاریق هاشمی تەسلیم کردووەتەوە.

*** ڕەفتارو بڕیارە تاکڕەوانەکانی نوری مالیکی لەعێراقدا ترسی ئەوەی لێ دەکرێت ئەم وڵاتە بەرەو تاکڕەوی پەلکێش بکات، بەردەوامبوونی ئەم ڕەفتارانەی سەرۆك وەزیرانی عێراقی ئێستا تا چەند نیگەرانی ئەوەی لێ دروست دەبێت کە عێراق بەرەو ئاییندەیەکی باش نەچێت؟**

- بەقەناعەتی من ڕەنگە مالیکی هەوڵی ئەوەی هەبێت کە خۆی یان حزبەکەی دەسەڵاتی ڕەها بخەنە ژێر جڵەوی خۆیانەوە، بەڵام باوەڕناکەم لەدوای ئەو چارەنووسە ڕەشەی بەسەر سەدام حوسێن هات کەس بتوانێت جارێکی تر ئەم وڵاتە بەرەو تاکڕەوێتی و تاکحزبی پەلکێش بکاتەوە، تەنانەت لەناوخۆی ئیئتیلافی نیشتمانیدا پەرچەکرداری توند هەیە بۆ دانانی بەربەست لەبەردەم ڕەفتارە تاکڕەوەکانی مالیکی، ئومێدەوارم مالیکی وەك کەسێك کە لەدژی سەدام حوسێن و حوکمی دیکتاتۆری خەباتی کردووە ئەو ڕۆژە ڕەشانەی بێتەوە پێش چاو کە تاکڕەوێتی ئەم وڵاتەی چی لێدەکردو بەرەو کوێی دەگەیاند، بۆیە ئەگەر ئەمیش بەو ڕێچکەیەدا بڕوات، چۆن پێشتر خۆی بەربەرەکانێی سەدامی دەکرد، ئەوا لایەنەکانی ئێستای ئۆپۆزسیۆنیش بەهەمان نەفەس و شێوە بەربەرەکانێی ئەم دەکەنەوە، بۆیە حەق نییە لەسەر ئەم ڕەفتارانەی بەردەوام بێت..

*** لایەنێکی تری گرژتربوونی کێشەی نێوان لایەنەکان بەهۆی دەستێوەردانی دەوڵەتانی دەوروبەری عێراقەوەیە بۆ ناو کاروبارەکانی ناوخۆی ئەم وڵاتەو کارتێکردنە سەر**

**کاتێك لەئەنجومەنی نوێنەران یادی هەڵەبجە کرایەوە. لەهۆڵەکەدا یەك ئەندامی لیستی عێراقیە ئامادە نەبوون هاوبەشیمان بکەن لەو یادە کارەسات ئامێزەدا**

**سوننەکان هەر لەو خەیاڵەتە کۆنینەی خۆیان دەژین کە پێیانوایە پێویستە هەر خۆیان حوکمی ڕەهای ئەم وڵاتەیان لەدەست بێت**

**ڕەنگە مالیکی هەوڵی ئەوەی هەبێت کە خۆی یان حزبەکەی دەسەڵاتی ڕەها بخەنە ژێر جڵەوی خۆیانەوە**



**بڕیارەکانیدا، تاچەند سـەروەری بوونی عێراق مانایەکـی بۆ دەمێنێتەوە لەکاتێکدا لایەنەکان کاریگـەری دەوڵەتانی دراوسـێ و ناوچەکە بیانجوڵێنێتەوە؟**

- سـەروەربوونی عێراق لەژێر هەڕەشـەدایە کە بەم شـێوەیەی ئێسـتا ڕەنگە نەمێنێتەوە، چ بەهۆی ناکۆکی نەبڕاوەی نێوان سـوننەو شـیعەو ناکۆکییەکانی نێوان کوردو عەرەب و دووبەرەکێیەکانی نێوان خودی لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتری و ملدانی بەردەوامی مالیکی بۆ تاکڕەوی لەحوکم کردنیدا و هاوکات نفوزی وڵاتانی دراوسێش تاو بەم ناکۆکییانە دەسێنن، چونکە ئـەو دەوڵەتانە دوژمنـی یەکترن و پێکەوە لەناوچەکەدا کۆك نین و ناکۆکییەکانی ئەوانیش ڕاستەوخۆ لەعێراق ڕەنگی داوەتەوە، ئەمە پرۆسـەی لاواز بوونی عێـراق خێراتر دەکەن، بۆیە پێویسـتە عێراقییەکان هۆشیاربن و دوای حـەزو هەوای ئەو وڵاتانە نەکەون کە نایانەوێـت عێراق بەیەکگرتوویـی بمێنێتەوە هەردەم دەیانەوێت عێراق لاواز بێت.

*** هەرێمی کوردسـتان وەك تاقانە ناوچەی ئارام لەعێراقدا سەقامگیری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هەمیشـە کەسـانی خاوەن دەسـەڵات لەحکومەتی ناوەندەوە خەریکن بەدروست کردنی کێشـەو هەرا نانەوە بۆ ئەم هەرێمە دیموکرات و سـەقامگیرە، چۆن هەرێم دەتوانێت خۆی لەهەڕەشە بەردەوامەکانی ناوەند بپارێزێت؟**

- هـەروەك جەنابـی سـەرۆك بارزانـی لەکۆبوونـەوەی لەگەڵ لاوانـی هەر چوار پارچەکەی کوردسـتان باسی کرد ئەگەری زۆر هەیە لەسەر ئەوەی زۆربەی لایەنەکانی عێراقی حەسـوودی بەم دۆخەی کوردستان بەرن کە هەرێمێکی هێمن و ئارامەو پرۆژەی زۆری تێـدا ئەنجـام دەدرێـت و بەرِوونی خزمەتگوزاری تێدا پێشـکەش بەهاووڵاتیان دەکرێـت و لەگەڵ بەشـەکانی تری عێراقدا زۆر زۆر جیاوازیی هەیە، ئەم حەسادەتە پاڵ بەهەندێ لایەنەوە دەنێت بکەونە بەربەرەکانێی هەرێمی کوردسـتان، بەڵام ئێمە دەبێت زیاتر لەوە بەرپرسـیارتر بیـن و وریاتر بجوڵێینەوەو نەهێڵین ئـەم دۆخە ئارامەی لەکوردسـتان دروست بووە بشێوێنرێت و تووشی هەنگاوێك بێت کە گرفتی گـەورە لەگەڵ حکومەتی ناوەند دروسـت بێت، بەهەر شـێوەیەك بێت پێویسـتە هـەوڵ بدەین بەدیپلۆماسـیەت و پێکەوە دانیشتن چارەسـەری ئەم ناکۆکیانە بکەیـن، بەڵـێ زۆر لایەنـی عێراقی هەن بەردەوام لەهەوڵدان ئەم وەزعە لەکوردیش تێك بدەن و وەکو بەشـەکانی تری ناوخۆی عێراق ناسەقامگیر و وێران بێت..

*** ئێسـتا ئەمریـکا هیـچ هەبوونێکـی سەربازییانەی لەناو عێراقدا نەماوە، بۆ ئەوەی لەمە زیاتر بارودۆخەکە تێکنەچێت و پرۆسەی سیاسـی عێراق لێکنەترازێت، ئەمریکا بەچ شێوازێك لەتوانایدا دەبێت هاوکاری لایەنەکان بکات بۆ گەیشتنە چارەسەری کێشەکانیان؟**

- ئەوەی دەیبینم و هەستی پێدەکەم ئەمریکا نە کاریگەری ماوە نە شتێکی بەدەست ماوە لەنـاو عێراقـدا تا بەلایەنی سـەربازی یان ئەمنی یارمەتی عێـراق بدات، بەڵام ڕەنگە بەئامـۆژگاری و ڕێنماییکردنـەوە بتوانێت ئاگاداری لایەنـەکان بکاتەوە، چونکە نفووز و پێگەی ئەمریـکا لەعێراقدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەبەرانبەر نفووز و پێگەی ئێرانییدا زیاتر دەکشێتە دواوە، نەیارانی ئەمریکا دەسەڵاتیان زیاتر بووە لەگۆڕەپانی عێراقیدا، بۆیە ئێستا دەبێت ڕێ لەوە بگرین سـوپای عێراقی بەم حاڵەی ئێستایەوە پڕ چەك نەکرێتەوەو ئەگەری سەرکوتکردنی کوردو لایەنە عێراقیەکانی تر دروست نەبێتەوە لەلایەن ئەو سوپایەوە.

**سەروەربوونی عێراق لەژێر هەڕەشەدایە کە بەم شێوەیەی ئێستا ڕەنگە نەمێنێتەوە**

**نفووز و پێگەی ئەمریکا لەعێراقدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەبەرانبەر نفووز و پێگەی ئێرانییدا زیاتر دەکشێتە دواوە**

**زۆر لایەنی عێراقی هەن بەردەوام لەهەوڵدان ئەم وەزعە لەکوردیش تێك بدەن و وەکو بەشەکانی تری ناوخۆی عێراق ناسەقامگیر و وێران بێت**

# ڕوانینێک بۆ بارودۆخی عیراق دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا



کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەو بەڵگانەی لە ناو کۆمەڵە دەرئەنجامێکدا لە پێش چاومدان بەرەو دەرئەنجامێکی بنەڕەتی ڕامدەکێشن، کە مەبەستم لێی ئەوەیە بڵێم: ئەمریکا لە ڕووخاندنی ڕژێمێکی فاشستیدا ســەرکەوتنێکی وەدەست هانی، ئەوەش دەســکەوتێکی مەزن بوو بــۆ گەلی عیراق، بەڵام لە وەدیهێنانی کۆمەڵێك مەســەلەی بنچینەیی تــردا، نەیتوانیــوە ئامانج بپێکێت کە لــەم خاڵانەدا کورتیان دەکەمەوە:

١ـ وەدینەهێنانی ئاشتی کۆمەڵایەتی لە عیراقدا، تەنانــەت لە پــاش دەرچوونی هێــزە چەکدارەکانی ئەمەریکا لە عیراقدا ئەم ئاشتییە وەدینەهاتووە..

٢ـ نەوەستاندنی تیرۆری خوێناوی لە وڵاتەکەدا کە لەلایەن هێزە فەندەمێتالیستە ئیسلامییە عارەبییەکانی ناوخۆو هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەوە ئەنجام دەدرێت.

٣ـ رانەگرتنــی ململانێــی نێــوان هێــزو پارتە سیاســییە تائیفیەکان، واتە پارت و هێزە شــیعیی و ســوونە مەزهەبییەکان کە خۆیــان پابەند کردووە بە بەرنامەی تایەفەگەرییەوەو جیاکاری دەکەن لە نێوان ئایین و مەزهەبەکانداو سیاســەتێکی وا پیادە دەکەن کە یەکبوونی نیشــتمانی پــەرت و بڵاو دەکەنەوە لە یەکتری..

٤ـ بەشــداری نەکردن لە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان کە بە هۆی سیاسەتە نادروستەکانی دیکتاتۆری پێشوو لەوانەش سیاسەتی تەعریب بوو کە بە زۆری زۆرداری ســەپێنرا بەسەر ناوچە کوردنشــینەکان و، بەمەش گرفتێکی زۆری تائێســتاش لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هێشتۆتەوە..

٥ـ بەشــداری نەکردن لە چارەســەری کەمی یان نەبوونی خزمەتگوزاری پێویســت بۆ ئەو ناوچانەی هێــزی هاوپەیمانــان خاپووریان کــردووە لە کاتی جەنگیاندا دژ بە ڕژێمی عیراقی..

٦ــ رانەگرتنی دەســتێوەردانی دەرەکــی بۆ ناو کاروبــاری عیراق بــە تایبەتیش لە لایــەن ئێران و سعوودیە و هەندێك لە وڵاتانی کەنداوەوە.

ئامــاژە بەوەش دەدەم کە گەلــی کورد بە تەنیا و تەنیا بە هۆی ئاکامەکانی جەنگی سێیەمی کەنداو رزگاری نەبــووە لە ڕژێمێکی ڕەفتار فاشیســت کە جینۆســایدو پرۆسەی ئەنفالی لە دژیان ئەنجام داوە، بەڵکو ئەو گەلە ســتەمدیدیە لە ســاڵی ٢٠٠٥ بە ڕۆشــنایی بڕیارێکی پەرلەمانی کوردستان توانییان فیدرالیەت لە دەستووری عیراقیدا بچەسپێنن چونکە لە ١٩٩٢ وە هەوڵیان بۆ چەسپاندنی دەدا، بەهۆی ئەو بەربەســت و گرفتە زۆرانەوە کە عیراق تێیدا دەژییا ئەم وڵاتە دوچاری قەیرانێکی بونیادیی و بەردەوامیی درێــژ بۆتەوە، وێرای هەندێــك جیاوازی ڕێژەیی لە نێوان دوێنێ و ئێستادا کە ئەمانە هۆکارەکانێتی:

١ـ سروشــتی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی باویی نــاو وڵات کــە بە هــۆی پاشــکەوتنی بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگە لە ڕووی فکرو پیادەکردنەوە ئەنجامی باشی وەدی نەهانیوە.

٢ـ لاوازی هۆشیاری تاك و کۆ کە لە ڕەفتارەکانی ئەندامانی کۆمەڵگەدا خۆیان دیتوەتەوە بە تایبەتی لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەی ڕابردووی دوای ڕووخانی ڕژێمدا، ئەوەش درێژەی هەموو ئەو گرفتانە بووە کە بۆ عیراق بەجێماون لە ژێر سایەی دیکتاتۆریەتدا..

٣ـ سیاسەتە ســتەمکاریی و نادیموکراتیەکەی کە حکومەتەکانی پێشــوو لە عیراقدا پیادەیان کردووە، کاری کردۆتــە ســەر ئەو بارودۆخەی ئێســتاو ئەم دۆخە نەشازو نادیموکراتیەی بەرهەم هانیوەتەوە کە عیراقی گەیاندۆتە ئاستێکی نامەدەنی.

٤ـ میتۆدی تایەفەگەرییانە کە هێزە زاڵدەستەکانی سیاســی فەرمانڕەوا لە قۆناغی ئێستادا سەپاندویانە جۆرێك لە پۆلین بەندی و دابەشکاری تایەفەگەری لە حوکم کردنی وڵاتەکەدا خســتۆتەوە، کە بەهۆیەوە ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێ کەوتۆتەوە.

٥ــ هەژاری و بێــکاری و دەردو نەخۆشــی لە ڕێژەیەکــی زۆری خەڵکی عیراق ئــاڵاوە، هەروەها کەلێنی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان لە بەرین بوونی زیاتردایە هەمان شــت لــە نێــوان فەرمانڕەوایان و فەرمانپێکراواندا .

٦ـ ئــەو ئاکامــە ناهەموارانــەی کــە بەهۆی داگیرکارییــەوە لــە ژیانــی فکری و سیاســی و کۆمەڵایەتــی کەوتونەتەوە، وێرای دەســتێوەردانی وڵاتانی دەرەکی لە ناو کاروباری عیراقیدا.

هۆکارەکانی قەیرانــە بونیادییەکە فرەلایەنە، ڕۆژ لــە دوای ڕۆژ لە زۆربووندایــە ئەگەر ئەم دۆخەی ئێســتا گۆڕانی بەسەردا نەیەت ئەنجامی باشی لێ

ناکەوێتەوە، دەکرێت لێرەدا بەم شێوەیە لێی بدوێین:
کاتێك هێشتا هێزە ئەمریکیەکان لە ناو عیراقدا بوون، بە تایبەتی دوای هەڵبژاردنەکانی دوایی ئەمەریکاو ئێران ڕۆڵی خۆیان کردبووە دوو بەشەوە بۆ کاریگەریکردن لەسەر سیاسەتی عیراق، لەو میانەدا ئێران ڕۆڵ و کاریگەری زیاتری بەرکەوتبوو، توانی ڕاو هەیبەتی خۆی زاڵ بکات بەسەر جەمسەرە هاوپەیمانەکانی کە لە حوکمکردنی ئێستای عیراقدا ڕۆڵیان هەیە بە تایبەتی دەسترۆیشتووان لە ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەش لەو پێکهاتە خاورو خێچەی تایەفەگەرێتی و لە ژێر سایەی سەرکردایەتی مالیکی کە لە کۆبوونەوەکانی تەهرانەوە ڕەنگی بۆ داڕێژرابوو نەك لە بەغداو واشنتۆنەوە، ئەو پێکهاتەیە بێ توانایە لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتەکانی وڵات، لەو نێوەندەشدا کاریگەرێتی ئەمەریکاو سعودیەو وڵاتانی کەنداو لەسەر سیاسەتی عیراقی نیمچە بزربووە، تای تەرازووی هەرێمایەتی بە بەرژەوەندی ئێراندا داشکاوە، هاوسەنگی ناوخۆش لەق بووە، لایەنە پێکناکۆکەکان لە هەڵپەی ئەوەدا بوون پەنا بۆ وڵاتانی دەوروبەر ببەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانیان، لەم واقیعە نارێکەدا ڕۆڵی لیستی عیراقیە داکەوتووە لە بەرژەوەندی مالی شیعەکاندایە، هەر لەو کاتەوەی کە دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری هاوپەیمانی شیعی ڕێکخست:

ئەو گۆڕانکارییانەی لە تەرازووی هێزە نوێیەکانی ناو عیراق دروست بوون لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی چەندین دیاردەی سلبی لێ دروست بوو کە بەم ئەنجامانە گەیشت:

١. زاڵدەست بوونی لیستی دەوڵەتی یاسا بە ناوی هاوپەیمانی نیشتمانییەوە، ویڕای ئەو نارێکییەی لە ناوخۆیدا هەیبوو کە ترسی ئەوەی لێ دەکرا بگاتە ئاستی نەمانی مالی شیعەگەرایی، لەم بارەیەوە هەندێك بڕیار دران کە ببونە هۆی ئەوەی پێگەی حزبی دەعوەو کەسایەتی مالیکی توندو تۆڵ بکات لە ناو دامودەزگا گرنگەکانی پۆلیس و سوپاو ئەمنی ناوخۆو سەرکردایەتی کارە سەربازییەکانی ناو بەغدا هەروەها باڵی کێشایە ناو زۆر بواری تریشەوەو دەسەڵاتی تێدا قۆرخ کردو لە ڕووی مەبدەئیەوە لەو هێزە عەددەمیە نزیك کەوتۆتەوە کە سەدام حوسێن لە دامودەزگا سەربازییەکانیدا پیادەی دەکرد، هەروەها هەوڵی زۆر دەدات بۆ لاوازکردنی ڕۆڵی کورد لەو دەزگا ستراتیجیانەدا بەپێی پلان و بەرنامەی وردو ڕێکخراوو مەبەستدارەوە.

٢ـ پێکداپڕانی ململانێ لە نێوان جەمسەرەکانی پرۆسەی سیاسی و بە تایبەتیش لە نێوان لیستی عیراقیەو لیستی دەوڵەتی یاسا بە فیعلی و ڕاگیرانی لیستی عیراقیە لە ناو حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەراندا، هەروەها چوونە پاشەوەی ڕۆڵی هاوپەیمانی کوردستانی لە ناو حکومەتی ناوەندی کە هەمووی لە بەرژەوەندی دەوڵەتی یاسا کەوتۆتەوە.

٣ـ بێتوانایی حکومەتی ناوەندی لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو گرفتانەی لە هەموو بوارەکانەوە ڕووبەڕووی دەوڵەت و کۆمەڵگە دەبنەوە..

٤ـ کشانەوەیەکی توند لە بواری ئازادییەکانی تاك و گشتی و ڕێکخراوەیی لەو کاتانەی کە دیکتاتۆریەت ڕووخێنرا دواتر جڵەگیری حوکم کەوتە دەستی تاکەوەو شێوازەکانی ستەمکاری لە ڕووبەڕووبوونەوەی مانگران بەکارهێنرا بە بەکارهێنانی توندوتیژی و گرتن و ئەشکەنجەدان و هەڕەشەو کوشتن لە لایەن دەزگاکانی دەسەڵاتەوە چ بە ئاگاداری سەری هەرەمی حکومەت یان بێ ئاگاداری ئەو..

٥. مانەوەی گرفتەکانی کەمی و نەبوونی خزمەتگوزاری گشتی و بنەڕەتی لە شوێنی خۆیدا و بەرزبوونەوەی دەنگی بێزاری و نارەزایی خەڵکی..

٦ـ بەردەوامی داهێزران لەو دیاردە سلبیانەی پێشوو لەوانەش بێکاری ئاشکراو ڕووپۆشکراو هەژارێتی بەرفراوان و گەندەڵێتی.

٧ـ هەروەها ناردنی تیرۆر لە وڵاتانی دەوروبەرەوە بەردەوامە، ویڕای هێزە عەددەمیەکانی ناوخۆش، بە شێوازێك کوشتنی هەرەمەکیانە دژ بە کچان کوڕانی گەل بەردەوامە ئەم دیاردەیەش گوزارشتە لە واقیعی هەبوونی هاوپەیمانێتی ناوخۆیی و هەرێمی کە لە هەوڵدان بۆ دانانی بەربەست لەسەر ڕێی سەقامگیری و پێشکەوتن لەپاڵ ئەو ململانێ ناوخۆیی و جڵەوگیر بوونەی دەسەڵاتە لە لایەن دەوڵەتی یاساوە.

### زۆربەی زۆری گەلی عیراقی هەمان موعاناتی پێشووی ڕژێمەکانی تریان ڕووبەڕووبۆتەوە

٨ـ هەموو دەلالەتەکان ئاماژەدەرن بە دوو مەسەلەی گرنگ کە نەتوانراوە تێیانپەڕێنرێت :

اـ بەشداربوونی هەندێك هێزو لایەنی عیراقی لەگەڵ هێزە دژکارە نارازییەکانی عیراقی کە لە دەرەوەن ئەوەش بە کلکبەستنیان بە هێزە عارەبییەکانی وڵاتانی دەوروبەرو بە تایبەتیش بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی لەناو وڵاتدا چ لە ڕێی کوشتنی کەسایەتییەکان یان ڕفاندنی خەڵکان یان بە هۆی گەیاندنی زانیاری بە هێزە تیرۆریزمیەکانەوە وەك هێزەکانی قاعیدەو بەعسیەکانی پێشوو بە تایبەت گرووپە تیرۆریزمیەکەی عزەت دووری و ئەنجومەنی زانایانی سووننەی ئیسلامی ڕەنگە تۆمەتبارکردنی تاریق هاشمی و پاسەوانە شەخسیەکانی بە شێوەیەك لە شێوەکان خرابێتنە لیستەکانەوە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم حاڵەتە.

ب ـ هەستانی هەندێ گرووپی شیعیی لە چوارچێوەی هاوبەندی نیشتمانی یان لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەدا بە هەمان کاری تیرۆریستی چ لە ڕێی دەزگاکانی ئەمن یان لە ڕێی میلیشیا چەکدارەکان یان ئەوانەی سەر بە حزبوڵلان، ئەم واقیعە لەوپەڕی تاوسەندنیدا بوون لەپاش هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠وە

کاتانـــەدا کە هێزەکانی ئەمریکا لە عیراقدا بوون ئەی ئێســتا کە ئەو هێزانە دەرچوونەتــە دەروە هەمان واقیع نابینینەوە؟

بــۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرســیارە بە بەڵــێ لە رووە ســلبیەکەیدا زەروورەت وای خواستووە کە بە پێچەوانەی ئەوەوە هەنگاو بهاوێژین بەڵام چۆن و کەی؟

دەکرێت هەندێك ئاماژە باس بکەین کە بەڵگەن لەسەر گۆڕانێکی هەستپێکراو لەم ڕووەوە:

١ـ سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسا قەناعەتی بەوە هێناوە کە پێویستە ململانێ لەسەر دەسەڵات ڕابگیرێت بۆ خاتری بەرژەوەندی خۆی و لیســتەکەی و هاوپەیمانی شیعی یەکلایی ببێتەوە، هەروەها بۆ خاتری ئەو هاوپەیمانێتییەی لەســەر ئاســتی خۆرهەڵاتــی ناوەند بــە ئێرانیەوەی دەبەســتێتەوە، لەو بڕوایەدام سەرۆك وەزیران زۆر پەلەی لەم مەســەلەیەدا کردووە و نایەوێت لێی پاشەگەزبێتەوە بەڵکو هەر لە هەڵپەی چەسپاندنی زیاتری دەسەڵاتێتی لە ڕووی سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتی چ لە ناو دەوڵەتــدا چ بە هاوپەیمانێتی خــۆی لەگەڵ ئێران کە هاریکاری دەبێت بۆ تێپەڕاندنی ئەو بڕیارە خیراپانەی لە دژی هەندێك هێزی ناو هاوبەندی نیشــتمانی داویتی، بــە زانینی ئەوەش کە هەندێك لــەو هێزانە لە کردەوەی تیرۆریستی بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو تێوەگلاون، لەو بڕوایەشدام کە هاوبەندی نیشتمانی لە هەڵوێستەکانیاندا یەك نین و بۆیە تا ئێســتاش نــووری مالیکی خەمی لەدەستدانی ماڵی شیعەیی هەیە.

٢ـ وەرچەرخانێکــی هێمنانەو خــاوو لە کۆمەڵگەی عیراقیدا دروســت بــووە دژ بە لێکدابڕانــی ئایین و سیاســەت، دواتر لە نێوان ئاییــن و دەوڵەت کە ئەمەش کاریگەرێتی ئیجابییە..

٣ـ دروســت بوونــی ناڕێکــی لــە نێــوان هەموو هاوپەیمانیەکانــدا، ئەمــەش ڕێ خــۆش دەکات بــۆ هاوپەیمانێتیــی نــوێ کە خــۆی لــە هاوپەیمانێتیە تایەفەگەرییــەکان بــە دوور دەخاتــەوە گــەر بێت و هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجام بدرێتەوە..

٤ـ پاشەکشــێیەکی تونــدی توانــای ئەمەریکا لە کاریگەرێتــی بۆ ســەر بارودۆخی ناوخۆی سیاســی حکومەتــی عیراقی لە بەرانبــەر کاریگەرێتی بڵندی ئێرانی کە لە چەندین کەناڵــی جیاوازەوە هەڵیکوتاوەتە ناو بارودۆخی ناوخۆی عیراق کە پێویســت دەکات ئەو ڕایەڵانەی بپسێنرێت

٥ـ سەرلەبەری ئەم واقیعە شەقامی عیراقی تورەکردووە ڕەنگە ئەمەش ڕێخۆشــکەر بێت بۆ لیستی عیراقیە تا پاڵپشتی بکرێت هاوکات هێزە تیرۆریستە خوێنرێژەکانیش وەخەبەر دێنێتەوە، هەر ئەمەشە وای کردووە کە ماوەیەکە بە شــێوازو جۆری تیرۆری جیاواز جیاوازەوە بارودۆخی ئەمنی عیراق بەرەو خراپی چووە.

٦ـ ســڵ کردنەوەو ترس لە پەرەسەندنی ناوخۆییانەی ململانێیەکان لە نێوان جەمســەرەکانی کە لە پرۆســەی حوکمدا هاوبەشــن، ئەمەش وای کردووە کە خەڵکانێکی زۆر ڕەوبکــەن بەرەو دەرەوە بۆ مەیســەربوونی ژیانێکی ئارام لە ترسی ئەگەری دووبارەجەنگی تایەفەگەری و زیاتر بوونی کاری تیرۆریستی..

٧ـــ مالیکی لە پێشــبینی ئەوەدایە ئەو ململانێیەی ئێســتا لە بەرژەوەنــدی خۆیدا یەکلابکاتــەوە، بەمەش هەڵەیەکــی کوشــندە دەکات، چونکە بــاری ناوخۆی بونیادی دانیشــتووانیی عیراقی و وڵاتانی دەوروبەریش ڕێ بەم سەرکێشــیانەی نادەن تا ئــەو قەناعەتەش بە خۆی دێنێــت دواجارگەلی عیراق قوربانی زۆرو زەوەند دەبەخشن، لەوەش ناقۆڵاتر ســووربوونی حزبی دەعوەیە لەسەر بەردەوامبوونی حوکم بە دەست مالکیەوە بۆ خولی سێیەمیش.

٨ـ زۆربەی زۆری گەلی عیراقی هەمان موعاناتی پێشــووی ڕژێمەکانی تریــان ڕووبەڕووبۆتەوە، هەندێ موعانات توندتر بوونەتەوە، ئەوەش لە نەبوونی پەرەپێدانی ئابــووری و کۆمەڵایەتی و بەربەســتە بیرۆکراتیەکان و گەندەڵــی و بە تاڵانبردنی پــارەو قوتی گەلدایە کە ئازارەکانیانــی زیاتر کــردووە، گەرچــی مانگرتن و خۆنیشــاندانەکان لە کەمییان داوە بەڵام گەڕانەوەیان بە هێزێکی لە جاران زیاترەوە مســۆگەرە، باشترین چارەش بۆ ئــەوە، توندو تۆڵکردنی ڕیزەکانی دیموکراتخوازانە تا ئەو خەباتە بچێتە ئەســتێلکی دیموکراتی و بە ئاشتیانە مافەکانی هاووڵاتیان بسەندرێن..

بارودۆخی ئێســتای عیراق بەرجەستەی قەیرانێکی بونیادیانەیە کە پێویستە لەو فاکتەرانە ڕزگار بکرێت کە سەرلەنوێ سیســتمی سیاسی دەکاتەوە بە ناو گەرووی تایەفەگەریــی و بوونی پارتی مەزهەبی کە کاغەزەکان تێکەڵ بــە یەکتر دەکەن تا بــزاڤ و یەکێتی کۆمەڵ نەهێڵن، ڕازی بوون لەســەر ســەرلەنوێ هەڵبژاردنێکی پێشوەخت کارێکی بەسوودە و دەکرێت تەرازووی هێزەکان بگۆڕێت بە ئاراســتەی چارەســەری قەیرانەکەدا کە ماندووبوونی زیاتری پێویستە..

یەکێتی ڕیزەکانــی دیموکراتخوازان کە لــە ناویاندا هاوپەیمانی کوردســتانی و هێزە دیموکراتیەکانی تری کوردســتانی تێدایە وا دەخوازێــت قەناعەت بەو هێزانە بهێنرێــت کە گەڕانەوە بۆ پێگە کاریگەرییەکانی خۆیان چەندە زەروورن بۆ شــەپۆلی دیموکراتیەت و پاڵپشــتی کردنــی عیراقێکی مەدەنــی، بۆیە مانــەوەی ئەمان لە نزیــك و لە ناو پێگەی دەســەڵاتەوە لە بەرژەوەندی گەلانی عیراقدایە بــە هەموو پێکهاتەکانیەوە، هەروەها لــە بەرژەوەنــدی دۆزینەوەی چارەســەرە بــۆ قەیرانە بونیادییەکەی ئێستا کە بە قورسی لەسەر گەلی عیراق زیانــی مرۆیی و مادی و شارســتانی لێ کەوتۆتەوە، ئەمەش ئەگەرێکی گرنگ و قورس و باشە بۆ هاتنەوە ناو پێگەی ئەکتیڤی جاران..

**ڕازی بوون لەسەر هەڵبژاردنێکی پێشوەختە کارێکی بەسوودە و دەکرێت تەرازووی هێزەکان بگۆڕێت بە ئاراستەی چارەسەری قەیرانەکەدا**

# گەلی کورد شتێک دەخاتەوە یادی ئەم کۆنگرەیەی داهاتووی کۆمکاری عارەبی کە لە بەغدا دەبەسترێت..

لە پـاش ڕووداوەکانی کشـانەوەی هێزەکانـی ئەمەریکیی لە وڵاتەکەیـان، گەلی عیـراق بەو پەڕی نیگەرانی لـەو باروودۆخە دەڕوانن کە تێکچوونێکی زۆری لە پرۆسـەی سیاسـیدا بەخۆیەوە بینیوە، ئەم تێکچوونە بەسەر شەقامی عیراقیشدا ڕەنگی داوەتەوەو خەڵکــی عیراق لە چاوەڕوانی گۆڕانــکاری زیاتردان بۆ ڕۆژانی داهاتوویان..

دەڵێم:هەموو عیراقیەکان بە پەرۆشەوە لەو داهاتووە دەڕوانن کە لە کۆنگرەی کۆمــکاری عارەبی ئاکامەکانی دەردەکەوێت کە وابڕیارە ئەو کۆنگرەیە لەکۆتایی ئەم مانگەدا لە بەغدا ســازبکرێت، ئەوەش دوای ســاڵانێك لە فەرامۆشــی ئەوانی تــری وڵاتانی عارەب بە ئومێدێکی تەڵخ و ورياییەکی زۆرەوە خەڵکی عیراق لە چاوەڕوانیدان!! ماوەیەکی هەســتەوەرو دوورو درێژە عارەبەکان پشــتیان کردۆتە ئەم وڵاتە بە تایبەت لەو قۆناغانەیدا کە بە ســامناکترین قۆناغەکانی مێــژووی هاوچەرخی ئەم وڵاتە دادەنرێــت و کە لەهەوڵی زۆردایە بۆ گێڕانەوەی ســەرلەنوێ سەروەربوون و بونیادنانەوەی نیشتمان بە پێی بنەماکانی فرەیی و دامەزراندنی دیموکراتییەت بەســەر دارو پەردووی پاشماوەکانی ڕژێمێکی لەناوچووەوە..

بێگومــان ئەمە ئەوپەڕی زوڵم و وشــك وبرینگی بووە لە لایەن کەســان و دەوڵەتانێکی هاوڕێ و نزیکــی عیراقەوە کە عیراقیەکان چاوەڕێــی ئەم پشــت تێکردنەیان لــێ نەدەکــردن وەك یەکێك لە شاعیرەکان دەڵێت:

زوڵمی کەسانی نزیك بە خۆت تاڵاوی زیاترە...

و ظلم ذوي القربى اشــد فضاضة على المرء من وقع الحسـام المهند


بەستنی کۆنگرەکانی لوتکەی کۆمکاری عارەبی مێژووەکەی بۆ ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی لە پاش ڕزگاربوونی زۆربەی وڵاتانی عارەبی و دوای ئەوەی ناوچەکە بووبە گۆڕەپانێکی دیارو ئاشکرای ململانێی جەنگی ساردی نێوان هەردوو سەربازگەی سۆسیالیستی و ئەمەریکی..

شــاری قاهیرە یەکەمین وێستگەی بەستنی یەکەمین کۆنگرەی کۆمــکاری عارەبــی بووە لە ســاڵی ١٩٦٤ و دواتر بــە زنجیرەو ریزبەنــدی کۆنگرەکانی تری بە دوادا هاتن، هــەر کاتێك قەیرانە ناوخۆیــی و دەرەکیەکان توندتر بوونایەتەوە، کۆنگرە ســاز دەکرا بە تایبەتیش کێشەی فەلەستین تەوەرەی سەرەکی ئەو کۆبوونەوانە بووە کە تێیدا لە نەوەدەکانی ســەدەی ڕابردووەوە چیتر ڕۆشــنایی لەسەر کەمکرایــەوەو دەنگــی نزم بووەوە دوای ئەوەی بوو بە مەســەلەی فەلەستین و ئیسرائیلی.

ئیتــر کۆبوونەوەکانی لوتکە تەنیا لە چوارچێوەی دانیشــتنی دیکۆرســازیی و پروپاگەندەیی دەرنەدەچوون و دەرئەنجامەکان تێیدا بەوە کۆتایی دەهات هەر کەسە بەرەو ماڵی خۆی بچێتەوە..

هیچ وەختایەك ئــەم کۆنگرانە کاتی دیاریکراویان نەبووە، بەڵکو بە پێی هەڵچوون و داچوونی ڕووداوە سیاســیەکانی ناوچەکە شوێن و کاتیان بۆ دیاری دەکرێت، ناسراوترینیان کۆنگرەکەی خەرتووم بوو کە لە پاش جەنگی حوزەیرانی ســاڵی ١٩٦٧ بەسترا لە پاش ئەوەی ئیسرائیل بیابانی سیناو کەرتی غەزەو بانی خۆرئاوای بە قودسیشەوە داگیرکــرد، هەروەها کۆنگرەکەی بەغدا ســاڵی ١٩٧٨ کە بەهۆی سەردانی ئەنوەرسادات بۆ ئیسرائیل سازدراو ئەندامێتی میسریان لە کۆمکاری عارەبی هەڵپەساردو بارەگای کۆمکارەکەشیان بۆ تونس گواستەوەو بانگهێشتیان بۆ میسر نەناردەوە..

ئەمڕۆش وا لە بەغدا کۆنگرەی کۆمکاری عارەبی ســاز دەدرێتەوە کە وادیارە باسەکانی لە بازنەی کۆماری عارەبی سووریایی بسوڕێتەوە ئەندامێتــی ئەو وڵاتە لە کۆمکارەکەدا هەڵپەســێرن چونکە ڕێگەیان لە بەشــداربوونی گرتووە، بەهۆی ئــەو ڕووداوە خوێناوییانەی لەو وڵاتەدا بەرپابوون، کە خۆی لە قەتڵ و عام کردنی گەلی ســووریاییدا دەبینێتەوە لە لایەن ڕژێمی دەسترۆیشــتووی ئەو وڵاتەوە بــە بەکارهێنانی چەکی قورســەوە دژ بە هاووڵاتیانی خــۆی، وێــڕای گەمارۆدانیان لەڕووی ئابوورییەوەو بڕینی ئاوو کارەبا لەخەڵکی ئەو ناوچانەی کە دژ بەدەسەڵات ڕاپەڕیون، هەروەها گرتن و ئەشکەنجەدانی مانگرتووەکان لەزیندانەکانی سووریادا.



د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد

مێژوو ڕابردوویەکی نزیکمان بیر دەخاتەوە کاتێك بەدرێژایی ســاڵانی دوای شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ لەکوردستانی عێراقدا، هێزەکانی سوپای عێراقی بەتوندی هێرش و پەلاماری سەربازییانەیان لەدژی گەلی کورد ئەنجام دەدا، ڕژێمی عێراقی لەبەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێك ســڵی نەدەکردەوە، بەو چەکانەشی کە لەڕووی نێودەوڵەتیەوە قەدەغە کراون دژ بە هاووڵاتیانی ســیڤیل وەستایەوە، هەروەها پرۆسەی دەرکردن و لەناوبردن پرۆسەکانی ئەنفال و پاکتاوکردنی ڕەگەزی دژ بە گەلی کورد بەکارهێنا بێ ئەوەی هیچ کام لەسەرکردە عەرەبیەکان قزەیان لێوە بێت یان بێ ئەوەی لە کۆنگرەکانی لوتکەی عەرەبیدا کەســێك باسی ئەو هەموو جینۆسایدو بکات تەنانەت وەك ئاگادارکردنەوەش کەسیان هەڵوێستیان نەبوو وەکو ئەوەی خوێنی گەلی کورد کە لەشێوەی ڕووبار دەڕێژرا هێندە بێ نرخ بێت کەسێك نەبێت بەوشەیەك زاری هەڵبێنێت!! عێراقیەکان کە لەسەر پاشماوەی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو ئازادی و کەرامەتیان بۆ خۆیان گێڕایەوە، لەکۆنگرەی باڵای کۆمکاری داهاتوودا وەرچەرخانێکی ئیجابی بۆ وڵاتانی عەرەبی دروســت دەکەن، کە لەمیانەیدا دەتوانرێت پەرە بــە پێوەندیەکانی ئەوان و عێراقی نوێ بدرێت بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی دراوسێ دا لەسەر ئاستە سیاســی و ئابووری و ئەمنیەکان، هەروەکو چۆن گەلی کوردیش لــە عێراقدا دوای ئەوەی لەژێر جەورو ســتەم هاتە دەرەوە ســووربوون و موکوڕ بوونی خۆی بۆ سەرخستنی کۆنگرەی کۆمکاری عەرەبی کەمتر نییــە لە مکوربوونی براکانی تری عەرەبی ناو عێراق، کە هەموو هەوڵی خۆیان خستۆتە گەڕ تا پێوەندییەکانی دیپلۆماسی و سیاسی لە وڵاتانی عەرەبی لەم کۆنگرەیەدا توندوتۆڵ تر بکات تاوەکو سەرکردەکانی عەرەب جارێکی تریش بەرژەوەندی و ماڤە نەتەوەییە ڕەواکانی ئەم گەلەیان لەبیر نەچێتەوە، ســەرکردایەتی کورد لەسەرۆك کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی و تا وەزیری دەرەوەی عێراق هۆشیار زێباری، ڕۆڵێکی کارایان گێڕاوە بۆ سازکردنی کەشوهەوایەکی ئارام لەنێوان پاشاکان و سەرکردە عەرەبیەکاندا وەکو ســەرەتایەك بــۆ ئامادەبوونیان لەو کۆنگرەیەداو ســازدانی لەئان و ساتی خۆیدا، هەروەکو چۆن سەرۆك مسعود بارزانیش سەرۆکی هەرێمی کوردســتانی عێراق ڕۆڵێکی ئەکتیڤی لەهەموو چالاکییە سیاسیەکانی ناو عێراقدا گێڕاوەو سەرنج و بیروڕاکانی لێکتر نزیك خستۆتەوە، بەهۆی ئەمەوە لایەنــەکان نەکەوتوونەتــە جەنگەوە لەگــەڵ یەکتری، ئەمەش هاندەرێك بووە بۆ وڵاتانی عەرەبی کە کۆنگرەکەیان لەساتە وەختی خۆیدا لەبەغدا ســازبدەن، بەئومێدی ئەوەی بەکۆمەڵێك ئاکامی باشەوە کۆنگرە سەربکەوێت و لەیەکتر بینینی پرۆتۆکۆلی و دیمەنی میدیایی دەربچێتە دەرەوە، بەرەو کاری هاوبەش سەرکەوتن وەدەست بێنێت.

# ڕژێمی ئەسەد مانۆڕی توندوتیژی زیاتر دەکات و گەلی سوریاش داوای هاوکاری سەربازی دەکەن










پ. جۆناسان راینهۆڵد بۆ گوڵان:

# پێویسته روسیا له چین جیابکرانهوه بۆئهوهی دهستێوهردانی راستهوخۆ له سوریا ئهنجامبدرێت

بهپێی سهرچاوهکانی ههواڵ وهڵامدانهوهی رژێمی ئهسهد بۆ کۆفی ئهنانی جارێکی دیکه جیهانی نائومێد کردهوه بهوهی بتوانن به رێگه چارهی ئاشتی سنوورێك بۆ کاره توندوتیژیهکانی ئهو رژێمه دابنێن، بهڵام ههندێکی دیکه پێیان وایه ئهم ههوڵهی ئهنان دوایین دهرفهتی نێودهوڵهتیه بۆ رژێمی ئهسهدو چیتر دوای ئهمه کۆمهڵگهی نێودهوڵهتی بێدهنگ نابێت، ههروهها کوفی ئهنان وێڕای ئهوهی له وهڵامهکانی ئهسهد نائومێد بووه، بهڵام پێی وایه کاتی ئهوه هاتووه له ئهنجوومهنی ئاسایشهوه ههموو دهوڵهتان به کۆدهنگی بگهنه بڕیارێك دژی ڕژێمی ئهسهد، لهلایهکی دیکهش نزیکبوونهوهی ههوڵه دبلۆماتیهکانی سعودیهو تورکیاو سهردانی بهرپرسانی سهربازی ئهمریکا بۆ تورکیا، ئهمانه ئاماژهن بۆ ئهوهی گرتنهبهری ڕێگهچارهی سهربازی دژی ئهسهد بهدوور نهزانرێت، یان لانی کهم بۆ ئهوهی ناوچهیهکی ئارام بۆ ئاوارهکانی سوریا لهناو خاکی سوریا دروست بکهن و دروستکردنی ئهم ناوچه ئارامهش بهپێی بۆچوونی پسپۆره سهربازییهکان بهبێ ئهنجامدانی ئۆپهراسیۆنێکی سهربازی گهوره سهرکهتوو نابێت، بهڵام هێشتا پسپۆران و چاودێرانی بارودۆخی سوریا ههوڵهکان بۆ بڕیاردان لهسهر دهستێوهردانی سهربازی بهدوور دهزانن، سهبارهت بهم لایهنه پرسیارمان له پرۆفیسۆر مایکل فیشباخ ئوستادی مێژووی هاوچهرخی رۆژههڵاتی ناوهڕاست و تایبهتمهند له پێوهندییهکانی نێوان فهلهستین و ئیسرائیل و سوریا و ئهردهن کرد، بهوهی ئایا ئهم کێشهیهی سوریا دهگاته کوێ و کۆمهڵگهی نێودهوڵهتی چ ههڵوێستێك وهردهگرێت؟ لهوهڵامدا بهمجۆره بۆ گوڵان هاته ئاخاوتن(ههلومهرجهکانی بهردهم کۆمهڵگهی نێودهوڵهتی لهبارهی کهیسهکهی سوریاجیاوازه له ههلومهرجهکانی لهبارهی لیبیا، ههڵبهته زۆربهی خهڵکی بهراوردی دهکهن لهگهڵ رووداوهکانی پارساڵ له لیبیا، بهڕای من کۆمهڵگهی نێودهوڵهتی بۆ سوریا لهبهردهم سێ کێشهی گهورهدایه، کێشهی یهکهم لهوهدایه که من لهوه دڵنیام که ئێوهو خوێنهرهکانتان لهوه بهئاگان که روسیاو چین زۆر دوودڵن لهوهی ئۆپهراسیۆنێکی سهربازی هاوشێوهی لیبیا دژی سوریاش بکرێت، کێشهی دووهم: مهسهلهکه تهنیا پهیوهست به تورکیا نییه بهڵکو ههروهها پهیوهسته به ئیسرائیل





پ. مایکل فیشباخ بۆ گوڵان:


# ئۆباما بە وریاییەوە دەجووڵێتەوەو خۆی لە هیچ کێشەکی دەرەکیەوە نائاڵێنێت ئەگەر دڵنیا نەبێت لەسەرکەوتنی

و ئێرانیشەوە و بێگومان لێرەدا پرسی حزبوڵا و حەماس و فەلەستینییەکان دێتەئاراوە، بۆیە رۆژئاوا زیاتر لەو ئەگەرە نیگەرانە کە دەستێوەردانی سەربازی ببێتە هۆی سەرهەڵدانی جەنگێکی هەرێمی بەرفراوان بەتایبەتی لەکاتێك کە رۆژئاوا پێشوەختە ناکۆکیی لەگەڵ ئێران هەیە، کێشەی سێیەم: لەڕوانگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا-وەو بەتایبەتی کە ئەمساڵ لە ئەمریکا هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدرێت پێموایە سەرۆك «ئۆباما» بە وریاییەوە دەجووڵێتەوەو خۆی لە هیچ کێشەیەکی دەرەکیەوە نائاڵێنێت ئەگەر دڵنیا نەبێت لەسەرکەوتنی، لێرەوە سەبارەت بە پرسیارەکەتان لەبارەی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەبێ ئەنجامدانی دەستێوەردانی سەربازی، ئەمە کێشەیەو هیچ وەڵامێکی باشم بۆتان نییە، هاوکات من لەوە بەئاگام کە هەندێك لە وڵاتان لەزمنیان سعودییەکان چەکیان بەقاچاخ ناردووە بۆسوریا بەڵام زۆربەی ئەو وڵاتانە نیگەرانن لە بەردەوامبوونی توندوتیژی و دەترسن رژێمەکە بڕووخێت لەبەرئەوەی هەموویان سەیری عێراق دەکەن وەکو نموونەیەك و دەبینن پاش ٢٠٠٣ چی ڕوویدا، بەڵام جیاوازییەکەی سوریا لەوەدایە کە خاوەن ئاستێکی بەرز نییە لە سەرچاوەی ستراتیژی و زیندوو کە وڵاتان بتوانن بایکۆتی بکەن بۆنموونە وەکو ئێران کە کەرتی نەوتی راگرت، سوریا نەوتی هەیە بەڵام بەشێوەیەکی ستراتیژی پاڵپشتیی کەرتی ئابوورییان ناکات، لەڕاستیدا نازانم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چی بکات باشە بۆ ڕاگرتنی خوێنڕشتن جگە لەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت قەناعەت بە رژێمەکەی سوریا بێنێت کە گریمانەی ئەوە هەیە «روسیا» و «چین» لەئاکامدا پشت لە سوریا بکەن. ئەمە لەلایەك، هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە لەرۆژئاوا هەندێك هەن داوای دەستێوەردانی سەربازی دەکەن دژی ئەسەد، هەر بۆ نموونە سیناتۆری ئەمریکی «جۆن مەککەین» کە لە ساڵی ٢٠٠٨ یەکێك بوو لەو کەسانەی خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژاردبوو، پێشنیاری ئەوەیکرد کە چیتر رۆژئاوا تەحەمولی خوێنڕشتنی زیاتر ناکات، لەلایەنێکی دیکەوە ئەگەر وڵاتان هەڵستن بە دەستێوەردانی سەربازی یان چەك بۆ ئۆپۆزسیۆن دابین بکەن، بەڵام وەکو بۆچوونێکی شەخسی من پێموایە دەستێوەردانی رۆژئاوا لەهەر وڵاتێکی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەیەکی گەورەیە و من لەبارەیەوە هەست بە نیگەرانی دەکەم.))

## تاچەند کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەڵامدانەوەی دەبێت

چاوەڕێی دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی باش بەرامبەر سوریا وەربگرێت، بەڵام پرۆ فیسۆر گالیا بار ناتان ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی قودس پێی وایە لەم قۆناخەدا بارودۆخەکە لەبەرژەوەندی ڕژێمی ئەسەد دایەو دەربارەی ئەم لایەنەو لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان پرۆ فیسۆر گالیا بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی (پێشبینی کردن لەمبارەیەوە زۆر زەحمەتە، بەڵام وەکو ڕایەکی شەخصی خۆم من گەشبین نیم و پێموایە بۆ حاڵی حازر بارودۆخەکە لەبەرژەوەندی ئەسەد دایە و کاتەکە بۆ هاووڵاتیانی سوریا خراپە، لەبەرئەوەی ئەمریکییەکان سەرقاڵی هەڵبژاردنەکانن و ئەوروپییەکانیش سەرقاڵن بە کێشە ئابوورییەکانیان، لەڕاستیدا ڕووداوەکانی سوریا مایەی داخە، لەلایەنێکی دیکەوە ئەسەد بینیی چی ڕوویدا لەگەڵ موبارەك و قەزافی بۆیە لەو وانەیە فێر بوو و لەوە تێگەیشت کە واپێویستە توندوتیژتر بێت، پێموایە ئەسەد لەم وانەیە فێربووە. هەروەها چاودێران لەسەر کاروبارەکانی سوریا دەڵێن هێشتا نەتوانرا هێزی ئەسەد سنووردار بکرێت و هێشتا ڕژێمەکە هێندە هێزی هەیە کە بتوانێت بەرگری لەخۆی بکات هەربۆیە بەڕای من کەیسەکەی ئەسەد زۆر ئاڵۆزە هاوکات پێموایە کە ئەگەر بهاتایەو سوریا پێش لیبیا بوایە ئەوکات دەستێوەردان ڕوویدەدا، نازانم مەسەلەکە نادیارە، بەڵام پێموایە پاش لیبیا زەحمەتە دەستێوەردانی نێودەوڵەتی لەدژی سوریا ڕووبدات، لەوانەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەندێك شتی پێبکرێت، ئەگەری هەیە تەمویلی هەندێك لە گرووپە چەکدارە جیاوازەکان بکات یان سزا لەسەر ڕژێمەکە بسەپێنێت، بەڵام پێموایە زەحمەتە دەستێوەردانی سەربازی ئەنجام بدات. هەروەها یەکێك لە نیگەرانییە هەرە گەورەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە نازانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ سوریای دوای ئەسەد بکات، لەبەرئەوەی کاتێك کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەلایەکەوە هەوڵدەدات بۆ بەرزڕاگرتنی دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ، لەلایەکی دیکەوە پێموایە سەقامگیری لەسەرووی هەموویانەوە گرنگترە، بۆنموونە ئەگەر سەیرێکی بارودۆخەکانی ئەمڕۆی میسر بکەن، گەنجی لیبراڵ بوون کە دەستیان بە جموجۆڵ و بزاوەکە کرد بەڵام لەئاکامدا ئەنجامەکانیان لەدەستداو کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئیخوانی موسلمین و ئەو جۆرە کەسانە لەبەرئەوەی زۆرینەی جەماوەر هەست و سۆزیان بۆ ئیخوان هەبوو و ئەوە بوو لەئاکامدا بە ڕێگەچارەی دیموکراسی هەڵبژێردران، هەربۆیە پێموایە



**پ. گالیابارناتان بۆ گوڵان:**

**گەشبین نیم و پێموایە بۆ حاڵی حازر بارودۆخەکە لەبەرژەوەندی ئەسەد دایە و کاتەکە بۆ هاووڵاتیانی سوریا خراپە**

ئەمڕۆ ڕۆژئاوا لەوە تێگەیشتووە باجەکانی چەسپاندنی دیموکراسییەت چین لەبەرئەوەی مەرج نییە دیموکراسییەت واتای دیموکراسییەتی لیبراڵ یاخود دیموکراسییەتی ڕۆژئاوایی بگەیەنێت، هەروەها مەرج نییە ئەمڕۆ دیموکراسییەت بچەسپێت و لەوانەیە پاش نزیکەی ٥٠ ساڵی دیکە دیموکراسییەت بچەسپێت، هەربۆیە پێموایە بۆ حاڵی حازر هەوڵەکان زیاتر بۆ چەسپاندنی سەقامگیرییە نەك بۆ دیموکراسییەت، بۆیە بەڕای من لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە سیاسەتەکانی وڵاتان دوو دڵە لەبارەی کەیسەکەی سوریا، هەروەها من پێموایە کە ڕاستە وڵاتان لەگەڵ ڕووخانی ئەسەدن بەڵام هاوکات دەرئەنجامەکانی ڕووخانی ڕژێمەکە لێکدەدەنەوە، هەربۆیەیش سیاسەتەکان ڕوون و ئاشکرا نییە.)).

## هەموو چاوەکان لەسەر تورکیان

تورکیا گرنگترین وێستگەیە بۆ وەرگرتنی هەڵوێستیکی گرنگ بەرامبەر بە سوریا، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر جۆناسان ڕاینهۆڵد کرد تۆژەری باڵا لەسەنتەری سادات - بیگن و تایبەتمەند لەسەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سوریا، سەبارەت بەم لایەنە لە لێدوانێکی تایبەتدا بە گوڵانی ڕاگەیاند: (بەڕای من توندوتیژی درێژە دەکێشێت لەبەرئەوەی ڕژێمەکەی ئەسەد هێشتا بەهێزە سوپا هەر پشتی گرتووە هەروەها هێزەکانی ئەسەد هێشتا هەر بەهێزن و پێدەچێت بواریان هەیە بەردەوام بن، بەڵام جیابوونەوەی هێزەکان بەو ئاستە نییە کە ببێتە مایەی ڕووخانی ڕژێمەکە، هەربۆیە ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە بۆ حاڵی حازر توندوتیژی درێژە بکێشێت. بۆیە لەم بارودۆخەدا بەڕای من پێویستە هەموو ڕێگەچارەیەك هەوڵبدرێت بۆ فشارخستنە سەر ڕژێمەکەی ئەسەد، پێموایە دانەخستنی باڵیۆزخانەکان لەو وڵاتانەدا تارادەیەك سوودی هەیە، وابزانم دەیانەوێ لەڕێگەی باڵیۆزخانەکانەوە زانیاری وەرگرن و هەروەها زانیاری بنێرن بۆ فشارخستنی زیاتر لەسەر ڕژێمەکە، بەڵام بەگشتی پێموایە کە پێویستە فشاری زیاتر بخرێتە سەر ڕژێمەکە. ئەگەر لەم ڕاستەوە سەیری هەڵویستی تورکیا بکەین تورکیا لەوە نیگەرانە کە ئەگەر بێت و هەڵوێستی توند وەربگرێت ئەوە ئێران و ڕوسیا پاڵپشتی لە ڕژێمەکەی ئەسەد بکەن، بۆیە تورکیا پێیوایە کە ئەگەر بێت و هەر دەستێوەردانێك لە سوریا بکات ئەوە لەوە نیگەرانە هەردووك وڵات کاردانەوەیان لەسەر تورکیا هەبێت. بۆیە پێویستە لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدوای لایەنی بەهێز بگەڕێت لەنێو ئۆپۆزسیۆنی سوریا و هەڵسێت بە بەخشینی چەك بۆ ئەو لایەنانە، هەروەها بەڕای من پێویستە ڕوسیا لە چین جیابکرێنەوە بۆئەوەی دەستێوەردانی




راستەوخۆ لە سوریا ئەنجامبدرێت، بەڵام باوەڕناکەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بتوانێت روسیا و چین لێکجیابکاتەوە هەربۆیەیش پێموایە باشترین رێگەچارە بریتیە لە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ لایەنە بەهێزەکانی ناو ئۆپۆزسیۆن و کارکردن بۆ دابینکردنی چەك بۆیان و بەهێزترکردنی هێزەکانیان)).

ئەم حاڵەتە بەبێ هاتنە ناوەوەی تورکیا کارێکی ئاسان نابێت، لەبەر ئەوەی سروشتی رژێمی ئەسەد وەك رژێمێکی دیکتاتۆر بەو شێوەیە تەنانەت بەزەحمەت یارمەتی مرۆیی دەگاتە ناو سوریا لەمبارەوە پرۆفیسۆر مایکل فیشباخ لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەم لایەنە کردەوەو وتی(دەرکەوت کە گەیاندنی هاوکاریی مرۆیی کارێکی تاڕادەیەك مەحاڵە لەبەرئەوەی پاش یەك مانگ تەنیا لەچەند رۆژی رابردوودا رێگە بە خاچی سووری نێودەوڵەتی» و «مانگی سووری سوری»درا بڕۆنە ناو ناوچەکانی بابا عەمر لە حمص، بارودۆخە سەختەکە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگە دیکتاتۆرییە داخراوەکاندا زۆر زەحمەتە بۆ کەسانی دەرەکی بتوانن بڕۆنەژوورەوە، رۆژنامەنووسەکان بە قاچاخ دەڕۆنە ژوورەوەو هەروەك ئێوەیش ئاگادارن «ئەنتۆنی شەدیدا» رۆژنامەنووسەکەی نیویۆرك تایمز لە سوریا کوژراو شەخسی خۆم ئەنتۆنی شەدیدام لە نزیکەی دەناسی، بۆیە زۆر زەحمەتە بتوانرێت یارمەتی و یاخود چاودێران بۆ ئەو جۆرە کۆمەڵگانە بنێردرێ، ئەمە یەکێك بوو لە تەحەدداکانی سەدەی بیستەمین و ئێستا لە سەدەی بیست و یەکەمینین، لەبەرئەوەی تاڕادەیەك مەحاڵە کەسان و لایەنی دەرەکی بتوانن خۆیان بگەیەنن بۆ ناو کۆمەڵگە داخراوەکاندا لەلایەنێکەوە بۆ گەیاندنی یارمەتی و تەنانەت بۆمەبەستی سیخوڕیش، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کەیسەکەی عێراق دووچاری ئەم شتە بووەوە بەوشێوەیەی کە بەلای «سی ئای ئەی»ەوە زۆر زەحمەت بوو، نەیتوانی هیچ بریکارێکی لەناو عێراق کاربکات، هەربۆیە بە خەم و پەژارەوە دەیڵێم کە زەحمەتە بتوانرێت یارمەتی و هاوکاری بۆ سوریا بگەیەندرێت)).

**بیزنسکارو سەرمایەداری کورد پێیان وایە گەرچی هەرێمی کوردستان خاوەنی یاسای وەبەرهێنان و ژینگەیەکی لەبارە بۆ بەرەوپێشچوونی وەبەرهێنان و گەیشتن بەرەو قۆناغی (ئابووری بازاڕ)؛ بەڵام مامەڵەکردنی حکومەت لەگەڵ بزنس و بازرگان و پیشەسازیکاران مامەڵەیەکی راست و تەندروست نییەو لەم دووساڵەدا بەپێی پێویست یاساو رێنماییەکان لەبەرژەوەندی بزنس هەموار نەکراوەو ئاستی پاڵپشتی و هاوکارییەکانیش بەپێی پێویست نەبووە، بەرادەیەك ئابووری هەرێمی کوردستانی رووبەرووی چەندین کەموکوڕی بینراوو نەبینراو بووەوە، بوونی ئەو ناڕەزایەتی و گلەییەی کە لەلایەن هاوڵاتیان و نوێنەرانی توێژەکانی وەبەرهێنەران و بەڵێندەران و بازرگان و پیشەسازیکاران هەیە راستی ئەو کەلێن و کەموکوڕیانە دەردەخەن کە وایانکردووە لەم ماوەیەدا شوێنەواری سلبی لەسەر ئابووری و بازاڕی بیزنس لێبکەوێتەوە.**

، بزنسکارو سەرمایەدار رۆڵی سەرەکی و سەرکردەیان نییە لەبازاڕ و ئابوورییەکدا کە ئیدعای لیبرالیەت و کەرتی تایبەتی بۆ دەکرێت بگرە لەزۆر بواردا کەوتونەتە ناو گێژاوی بازنەیەکی بەتاڵی بێ چارەسەرییەوە، ئابووریناس و بزنسکار مافی سروشتی خۆیانە لە رەشبینیەکان دوورنەکەونەوە و بەبەردەوام خۆیان بپارێزن لەئەگەرە ناخۆش و پڕ لەمەترسیەکانی داهاتوودا، لەبەرامبەردا ئەوە ئەرکی سیاسەتمەدارو بڕیار بەدەستانی ئابووری هەرێمە ئەو ترس و دڵەراوکێ و کەموکوڕیانە بڕەوێننەوە، بەتایبەتی لەواقیعێکدا کە ئێستا تێی کەوتووین و لەبری ئەوەی بگەینە ئابووری بازاڕ دیمەنێکی تر هاتۆتە پێش و لەدیمەنە راستەقینەکە دوورکەوتوینەتەوەو بەرەو ئابوورییەکی شەخسی و کرچ و کاڵ رووچوینەتە خوارێ، بوونی دەیان ملیار دۆلار لەم هەرێمەدا کەبە ٢٥٠ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت سەرمایەیەکی گەورەیە گەر بەباشی ئیستسمار بکرایە ئەوا کاریگەری لەسەر باشبوونی بارودۆخی کەرتی تایبەت دەبوو، ئەم بڕە پارەیەش ئاساییە بوونی هەبێت لە هەرێمێکدا کەتەنیا لەساڵی ٢٠٠٩ بۆ٢٠١٠ بڕی ١٤- ١٥ ملیار دۆلار وەبەرهێنان هەبووە، ئێستاکەش خاوەنی زیاتر لە ١٠ هەزار کۆمپانیای ناوخۆو بیانین و لەم ژمارەیەش ٢٠٠٠ کۆمپانیای بیانین کە لە ٢٠٪ی کۆمپانیای تورکین، ئەمە جگە لەبوونی ١٥٠٠ کارگە کە بەشی زۆریان کارگەی کەرتی تایبەتن، بەرادەیەك تەنیا لەساڵی رابردوو ٢٩٩ کارگەی خۆراکی و کەرەستەی بیناسازی و کانزا بەسەرمایەی ١٥٩ ملیار دینار مۆڵەتیان وەرگرتووە، هاوکات تەنیا لەژوورە بازرگانی و پیشەسازیەکانی کوردستان ١١٠ هەزار ئەندام هەیەو لەناو بەڵێندەرانیش ٣٠٠٠ ی تر هەیە، ئەمەش زۆری و فراوانی بازرگان و پیشەسازیکارو بەڵێندەرو سەرمایەداری کوردستانی دەردەخات ئەمە جگە لە ئەندامەکانی تری وەبەرهێنان و توێژو چینەکانی تری بزنسکاران و بوونی کونسوڵخانەو نووسینگەی ١٦ وڵات لەپایەختی کوردستاندا، لەگەڵ بوونی ئەم ژینگەو ژمارە زۆرەی ئەهلی کارو تارادەیەك باشبوونی داهاتی تاکەکەسی و هاتنی بەلێشاوی گەشتیاران و دەرهێنانی پێترۆڵ و غازی سروشتی و زیادبوونی ماوەکانی پێدانی کارەباو ئەنجامدانی دەیان پرۆژەی ئاوو رێگاوبان و خزمەتگوزاری، کەچی ئەگەری کەوتنەوەی بێبازاڕی هەیە بەتایبەتی لەدوای ئەم دوو ساڵەی کە بەقسەی بزنسکاران راوەستان و سستیەك لەرووی کوالێتیەوە لە جموجوڵی وەبەرهێنەران و بزنسکاران هەبووە، کە بەئاشکرا لەهەولێر درکی پێ دەکرێت، بەرادەیەك واقیعەکە وایکردووە زۆربەی وەبەرهێنەران



# هەرێمی کوردستان خاوەنی بزنس و ژینگەیەکی لەبارە

# بەڵام خاوەنی سیاسەت و ئەزموونێکی دەوڵەمەند نییە

روو لە بواری نیشتەجێبوون بکەن، ئەمە لەکاتێکدا وا پێویست بوو وەبەرهێنەران ئاراستەی پرۆژەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاودێری و گەشتوگوزاری بکرایە، لەلایەکی ترەوە کەوتنەوەی گەندەڵی و قۆرخکاری و کەموکوڕی لە پرۆژەکانی وەبەرهێنەران وای لە سەرۆکایەتی هەرێم کرد بۆ ماوەی زیاتر لە ١٤ مانگ مۆڵەتی وەبەرهێنان لەکوردستان ڕاگرێت، ئەمەش لەچوارچێوەی ئەو پرۆژە چاکسازییەی کە ڕایگەیاندو تا ئەمڕۆ بەردەوامی هەیە، بارودۆخی کەرتی بازرگانیش لە وەبەرهێنان باشتر نییە ئەوەتا بازاڕەکانی کوردستان نغرۆی کەرەستەو کەلوپەلی ساختەو خراپ و کوالیتی نزمبووە، گەرچی ئاستی بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەردوو وڵاتی تورکیاو ئێران گەیشتۆتە ٢٠ ملیار دۆلار، بەڵام تا ئێستا تەرازووی بازرگانی ( نێردراوو هێنراو ) هاوسەنگ نییە، لە بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش دا دیاردەی هەڵاوسانی نرخ دەرکەوتووە.

### گەشەی ئابووری بەپێی پێویست نییە

دارا جەلیل خەیات سەرۆکی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان هەمان بۆچوونی هەیە بەوەی لەبەرامبەر ئەو ژمارە زۆرەی بزنس و سەرمایەو توێژی بازرگان و وەبەرهێنەر چالاکیەکی ئەوتۆ نابینرێت بگرە لەم ٢ ساڵەی دوایی دا سستبوون و لاوازیەك لەگەشەی ئابووری دەبینرێت لەمبارەیەوە وتی :( لەهەرێمی کوردستان گەرچی بەرواڵەتی کاروباری بازرگانی بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینیوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەو ژمارە زۆرەی بازرگان و بزنسمان و وەبەرهێنان یا بەگوێرەی ئەو هەموو کۆمپانیا مۆڵەتدارەی کە بوونیان لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئاستی بازرگانی دەرەکی و ناوخۆیی بەو شێوەیە

دارا جەلیل خەیات بۆ گوڵان :



## کار لەسەر هەموارکردنەوەی زۆر یاساو ڕێنمایی نەکراوە کە لەگەڵ واقیعی ئابووری و بازاڕ ناگونجێن

نابینرێت کە ئومێد دەکرێت، ئەمەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانە کەموکوڕی بواری ئیداری و نەبوونی دامەزراوەیی بەهێزو کارا کە بتوانێت بەهاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو مامەڵە بازرگانی و ئیداری و یاساییەکان ڕاپەڕێنێت).

### یاساو ڕێنماییە کۆنەکان

سەرۆکی ژوورە بازرگانی و پیشەسازیەکانی کوردستان هۆکاری ئەو سستی و لاوازییەی جموجۆڵی بازاڕ و ئابووری بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە گرفتی ئێستای ئابووری و بازرگانی ئەو یاساو ڕێنماییانەیە کە پێشتر لەسەر بنەمای ئەوە دانرابوو کە عێراق وڵاتێکی سۆشیالیستیە، ئێستا کاتێك دەوڵەت لەسەر بنەمای ئابووری بازاڕ پاشاکشەی لەزۆر بوار کردووە و ڕۆڵی مەرکەزیەت و پەرێوەبردنی ئابووری کەم بۆتەوە ڕۆڵ زیاتر دراوەتە کەرتی تایبەت هەر بۆیە زۆر پێویستە ئەو یاساو ڕێنماییە کۆنانە بگۆڕدرێن کە لەگەڵ بنەماکانی ئابووری بازاڕ و پێشخستنی کەرتی تایبەت ناگونجێن. جێی داخیشە لە دوو ساڵی ڕابردوو دا زۆر داوای گۆڕینی زۆر لەو یاسا و ڕێنماییانەمان کرد بەڵام نەگۆڕدرا . لەوانە یاسای باجەکان و کارو بیمەی کۆمەڵایەتی کە دوو ساڵە لەئەنجومەن و پەرلەمان کەوتووەو کاری بۆ نەکراوە، جێی داخە پەرلەمان و حکومەت بەجیدی کار لەسەر هەموارکردنەوەی زۆر یاساو ڕێنمایی ناکەن کە ئێستا لەگەڵ واقیعی ئابووری و بازاڕ ناگونجێن.

سەرۆکی ژوورە بازرگانی و پیشەسازیەکانی هەرێمی کوردستان باسی لەو سستی و بێبازاڕیە کرد کە ئێستاکە بەئاشکرا لە بازاڕەکانی کوردستان هەستی پێوەدەکرێت، چونکە بازرگان و بزنسکارو سەرمایەدارمان زۆرەو خەڵکێکی زۆریش مووچە لەحکومەت وەردەگرن و هەرێمی کوردستانیش ئارامە بەڵام جموجۆڵی بازاڕ بەپێی ئەو پێوەرانە نیە هێشتا کەمێك سست و لاوازە، بەتایبەتی لەشاری هەولێر کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری لەو چین و توێژانەو بگرە بازرگانانی عەرەب و وڵاتانی دەوروبەر ڕوویان تێکردووە کەچی لەم چەند ساڵەی دوایی دا ژمارەیەکی کەمی پرۆژەکان ئەنجامدرا .

### ٢ ساڵ چاوەڕوانی
### بۆ تەرخانکردنی زەویی کارگەیەك

سەبارەت بەڕوونەکردنی بزنسکاران و وەبەرهێنەرەکان بۆ بواری پیشەسازی سەرۆکی ژوورە بازرگانی و پیشەسازیەکانی کوردستان

**بزنسکارو سەرمایەداری کوردستانی ڕۆڵی سەرکردەیان لە ئابوورییدا نییەو کەوتوونەتە ناو گێژاوی بازنەیەکی بێ چارەسەرییەوە**

وتی: ڕۆتین و بیرۆکراتیەت و نەبوونی شەفافیەت لەکار وایانکردووە سەرمایەدار رووبکەنە ئەو بوارانەی قازانجی خێراو مسۆگەری تێدایە، هاوکات تەرخانکردنی زەویش قورسە ئەنداممان هەیە ٢ ساڵە لەهەوڵی تەرخانکردنی زەوییەکدایە بۆ دامەزرانی کارگەیەك، تەنانەت بەدەستهێنانی کرێکاری کارامەو بەهرەدار قورسەو نرخی کرێکاریش بەرزەو تێچوونی بەرهەمەکان بەرز رادەوەستێت. نەبوونی پیشەسازی و سستی ئەمبوارە بەرادەیەکە زۆر لەکارگە بچوکەکان دووچاری داخستن بوونەوەو ئەم حاڵەتە بەئاشکرا دیارە کاتێك سەردانی ناوچە پیشەسازیەکان دەکەیت ئەم حاڵەتە بە ئاشکرا دیارە، ئەمەش بۆ هێنانی بەلێشاوی کاڵاو کەرەستەی خراپی وڵاتانی دەوروبەر دەگەڕێتەوە کە لەئەنجامی نەبوونی سیاسەتێکی روون و ئاشکرا بۆ پاڵپشتیکردنی بەرهەمی ناوخۆیی کەوتۆتەوە، جێی داخیشە کەس ئاوڕێکی لەم کێشەیە نەداوەتەوەو لەکەرتی پیشەسازی هیچ هاوکاریەك نەبووەو زۆرجار پیشەسازیکاران گلەیی و رەخنە لە ئێمەش دەگرن بەوەی هەوڵەکانمان لەلایەن حکومەتەوە گوێی لێناگیرێت. پێش ٢ ساڵ لەمەوبەر ئاستی گەشەی وەبەرهێنان و پیشەسازی و بازرگانی باشتر بوو لە ئێستا کە سستی و لاوازی تێکەوتووە، تۆ سەیری ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو گەشەسەندوو بکە بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی و بەرهەمی ناوخۆیی قەرزی گەورە دەدرێت ئێمە بانکەکانمان لەئاست ئەو گەشەسەندوو پێشکەوتنەدا نین کە جیهان بەخۆیەوە دەبینێت، ئێمە زۆربەی بیزنسمانەکانمان بچووکن پێویستیان بەهاوکاری و پاڵپشتیکردن هەیە. ئێمە داوا دەکەین لیژنەیەکی باڵا لە حکومەتی هەرێم دابمەزرێت و چارەسەری کێشەی بزنسکارەکان بکات، چونکە لەهەموو پارێزگاکان لەبواری پیشەسازی کێشەی گەورە هەیەو پێویستیان بەسیستەمێکی روون و ئاشکرا هەیە.

**گەشەی ئابووری رووی لەراوەستان کردووە**

سەبارەت بەو سستبوون و لاوازیەی کە رووبەرووی کەرتی بازرگانی و ئابووری بۆتەوە ئەحمەد ڕێکانی سەرۆکی یەکێتی

> **لەبری ئەوەی بگەینە ئابووری بازاڕ دیمەنێکی تر هاتۆتە پێش و بەرەو ئابوورییەکی شەخسی کرچ و کاڵ رۆچووینەتە خوارێ**

ئەحمەد ڕێکانی بۆ گوڵان:



# وەکو کوالێتی وەبەرهێنان رووی لەسستی و راوەستان کردووە

وەبەرهێنەرانی کوردستان وتی: ئەو گەشەو بەرەوپێشچوونەی کە پێش دووساڵ لەمەوبەر هەرێمی کوردستان لەبواری وەبەرهێنان بەخۆیەوە بینی ئێستاکە رووی لە لاوازی و سستی کردۆتەوەو تووشی راوەستان بووە، ئەمەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە کە پشتگوێخستنی چارەسەرەکان رووبەرووی واقیعێکی تاڵترمان دەکاتەوە. کاتێك لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای وەبەرهێنان پەیڕەودەکرا بۆ ئەو کات بوونی ئەم یاسایە خۆی لەخۆیدا هاندەرێکی باشی دەرکەوتن و ئاراستەکردنی وەبەرهێنان بوو بەڵام دوای ماوەیەك یاساکەو رێنماییەکان پێویستی بە هەمواركردن و گۆڕانکاری بوو ئەمە جگە لەوەی فەرامۆشکردنی ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی دەهاتە بەردەم وەبەرهێنەرەکان لەم دوو ساڵەدا کار نەکرا بۆ لابردن و کەمکردنەوەی سلبیاتەکانی، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ کەمبوونەوەی هاندان و پاڵپشتیکردنی وەبەرهێنەرە ناوخۆیی و بیانیەکان بەپێچەوانەوە لەبەرامبەر نەمانی ئاسانکاری کێشەو گرفت دروستبوو. رەنگە ئەم سستبوون و لاوازیەی وەبەرهێنان وەکو قەبارە یاخود ژمارە کەمی نەکردبێت بەڵام وەکو کوالێتی وەبەرهێنان رووی لەسستی و راوەستان کردووە، بۆ نموونە لەپێش ئەو دوو ساڵە بەبەهای ١٤-١٥ ملیار وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان هەبووە، کە واپێویست دەکرا دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە دەبووایە ئێستا ئاستی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دوو هێندەی لێبهاتایە کەچی لە ٢٠ ملیار دۆلار تێپەڕی نەکردووە، تەنانەت زۆربەی زۆری ئەو پرۆژانەی لەماوەی ئەم ٢ ساڵە ئەنجامدرا هەر هەمان ئەو پرۆژانە بوو کە پێش ٢و٣ ساڵ لەمەوبەر مۆڵەتی پێدرابوون.

سەبارەت بە ئاستی وەبەرهێنان لەشاری هەولێر وەکو ناوەندێکی فراوان سەرۆکی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان وتی: پێشتر هەمەجۆری لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان هەبوو لەوانە پرۆژەی دروستکردنی کارگەی ئاسن و وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەباو دەرهێنانی پێترۆڵ و پرۆژە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێبوون و هۆتێل و میوانخانەو فرۆکەخانە و مۆڵەکان و دەیان پرۆژەو هەنگاوی گەورەی تر. ئەم حاڵەتە کاریگەری لەسەر وەبەرهێنەرانی بیانیش کرد و روویان لەکەمبوونەوە کردو وەبەهێنەران راوەستانێکیان تووش بوو. یەکێك لەو خاڵانەی کاریگەری سلبی بۆ کشانەوەی ئاستی وەبەرهێنەران و پەرەپێدانی هەبوو ئەو خۆپیشاندان و بارودۆخە دژوارە بوو کە بووە هۆی کەوتنەوەی ململانێیەکی توند لە نێوان پارتە سیاسیەکانی فەرمانڕەواو ئۆپۆزسیۆن، وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان وەکو جۆلەکە وایە لە ژینگەیەکی ئارام و مسۆگەردا تەنیشێتەوە ناکرێت لەشارێکی وەکو زاخۆ شوێنە گشتیەکان رووبەرووی هێرش و سوتان و تاڵانکردن ببنەوە ئێمە داوا لە وەبەرهێنەر بکەین وەبەرهێنان ئەنجام بدەن، ئەمە واقیعێکەو پێویستە هەموو لایەك دانی پێدا بنێت.

سەبارەت بەچارەسەرەکانیش سەرۆکی وەبەرهێنەرانی کوردستان بارودۆخەکەی بەبێ ئومێد نەزانینی و گەشبین بوو بەرامبەر بەوەی لەو ماوە کەمەی کە لەبەردەم حکومەتی نوێدایە رەنگە گۆڕانکاری نەوعی رووبدات و بتوانرێت سیاسەتی وەبەرهێنان بەئاراستەیەکی راست و دروست دا بڕوات و بە پشتگیری و پاڵپشتی سەرۆکی نوێی حکومەت چونکە لەکابینەی پێنج دا ئێمە وەبەرهێنەرمان نەبوو توانیمان وەبەرهێنەر دروست بکەین و وەبەرهێنەرانی بیانیش رابکێشینە ناو هەرێمی کوردستانەوە.

> **بوونی دەیان ملیار دۆلار لەم هەرێمەدا کەبە ٢٥٠ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت سەرمایەیەکی گەورەیە گەر بەباشی ئیستسمار بکرایە**

## بەڵێندەرانیش گرفتیان لەگەڵ حكومەت زۆرە

هەر سەبارەت بەهۆكاری پاشەكشێكردنی بزنسكارو بەڵێندەران دكتۆر سەرۆ ئیسماعیل دزەیی سەرۆكی یەكێتی بەڵێندەرانی كوردستان- لقی هەولێر وتی:( ئێمە لە لقی هەولێر ١٢٠٠بەڵێندەرمان هەیە و لە هەموو كوردستان نزیكەی ٣٠٠٠بەڵێندەر هەیە، وەكو بەڵێندەرانیش كێشەمان زۆرە، هۆكاری سەرەكیشی دەگەڕێتەوە بۆ مەرجەكانی بەڵێندەرایەتی گشتی عیراق، چونكە عیراق ئەو مەرج و ڕێنمای و یاسایانەی لە فیدیك وەرگرتووە كە ئەمەش مەرجەكانی بەڵێندەرایەتی جیهانییە، بەڵام لە عیراق بە هەڕەمەكی دەستكاری هەندێ بڕگەو مەرج كراوە لە بەرژەوەندی خاوەن كار كە حكومەتە لەسەر حیسابی بەڵێندەر بۆ نموونە لە فیدیك نووسراوە (للمقاول حق) لە عیراق كراوەتە (لیس للمقاول حق )واتە بە تەواوی كارەو مافەكە پێچەوانەكراوەتەوە، هەروەها كێشەمان هەیە لە وەرگرتنی سلفەو ماوەی ئیشكردنی پڕۆژەكان، چونكە ئەو مەرجەی دانراوە بۆ ماوە و ڕۆژی كاركردن بە ماوەی مانگانە( تقویم) حیسابكراوە گەرچی لە وڵاتێكی وەكو ئێمە كە كەشو هەوای باران و بەفر و چوار وەرزی ساڵ هەیە و تۆبۆگرافیا دەبێت ڕەچاو بكرێت، هەروەها یەكێك لە كێشەو گرفتەكانی ترمان لە پارێزگای هەولێر ئەوەیە تەنیا یەك تاقیگەی بینازسازی هەیە، ئەگەر بەڵێندەر سامپلێك پشكنینی بۆ بكات لەبری یەك ڕۆژ ئەوە ٢٠ڕۆژی دەوێت و لێرەدا بەڵێندەرەكە لە ماوەی كاركردنی لەسەر پڕۆژەكە ١٩ڕۆژی لێ دەڕوات و لە ماوەی جێبەجێكردنی پڕۆژەكەش لەسەری حیسابە و ئەم تاقیگەیە لەسەر ستایلی ساڵانی هەشتا كار دەكات و بارو قورسایەكی زۆری ئیش و كاریشی لەسەرە، هەروەها تاقیگەیەك لە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێكردن هەیە كە بودجەیەكی باشی تێدا خەرجكراو، كەچی تا ئێستا كاری نەكردووە بە بیانووی ئەوەی كە كارمەند و فەرمانبەری بۆ دابین نەكراوە. بۆ چارەسەركردنی كێشەكان وەكو یەكێتی بەڵێندەرانی كوردستان (لقی هەولێر) دانیشتنێكمان لەگەڵ سەرۆكی حكومەت بە

**لەساڵی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٠ بڕی ١٤-١٥ ملیار دۆلار وەبەرهێنان هەبووە دەبووایە ئێستا بۆ دوو هێندە وەبەرهێنان زیادی بكردایە**

دكتۆر سەرۆ ئیسماعیل دزەیی بۆ گوڵان:



# چارەسەرنەكردنی كێشەكانی بەڵێندەران كاریگەری سلبی لەسەر حكومەت و ئابووری دەبێت

ئامادەبوونی وەزیرە پیوەندارەكانی بە پڕۆژە و بەڵێندەرایەتی سازكرد و لەم كۆبوونەوەیەدا چەندین كێشەو گرفت بە بەڵێندەران گفتوگۆی لەسەر كرا لە پاشان لیژنەیەكی باڵا لە ٥وەزیرو پارێزگاری هەولێرو ٥ ئەندامی بەڵێندەران پێكهێنرا و بە مەرج و ڕینماییەكان داچووینەوە و پڕۆژە بڕیارێك ئامادەكرا و ئێستا چاوەڕوانین بڕیار لەسەر ئەو پڕۆژە دەربچێت. هاوكات داوا لە سەرۆكی نوێی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین كەوا دەستەیەكی گشتی گرێبەستەكان دابمەزرێت وەكو دەستەی وەبەرهێنان كە ئیشی ئەوە بێت وەكو فلتەر بێت بۆ ئەو دەرخستەو پرۆپۆزەڵانەی كە وەزارەت و فەرمانگەو لایەنە پێوەندارەكان ئەنجامی دەدەن تاوەكو نەهێڵێت ئەو تەندەرانەی ڕادەگەیەنرێت كەموكوڕی تێدا بێت، چونكە ئێستاكە تەندەرەكان كە ڕادەگەیەنرێن كەموكوڕی زۆر تێدایە كەموكوڕییەكانیش بریتین لەوەی كە ماوەو نرخەكانی پڕۆژەكان تەواو نییە، ئەوەش نەك تەنیا زیانی بە بەڵێندەر گەیاندووە، بەڵكو وایكردووە كەوا كوالیتی كارو پڕۆژەكانیش تەواو نەبێت و زیانی بە حكومەتیش گەیاندووە، لەلایەكی تر شتێك هەیە زیانی بۆ حكومەت و ئێمەش هەیە ئەویش خراپی و كەمی كوالێتی پڕۆژەكانە كە ئەنجام دەدرێن بۆ ئاوەدانی گەشەكردنی كوردستان، بەڵام بۆ چارەسەری ئەو كێشەو كەموكوڕیانە پێویستە ئەو پڕۆژە بڕیارەی كە بە ئەنجومەنی وەزیران دراوە دەربچێت و پەسند بكرێت بۆ ئەوی ڕۆڵی و كاری بەڵێندەران باشتر دەربكەوێت لە خزمەتكردن و ئاوەدانكردنەوەی كوردستان، لێرەدا حەزدەكەم ئاماژە بە ڕاستییەك و واقیعێك بكەم ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئەو كێشەو گرفتانەی كە دێتە بەردەم بەڵێندەران چارەسەر نەكرێت و ئەو پڕۆژە بڕیارەی بە ئەنجومەنی وەزیران دراوە پەسند نەكرێت ئەوە بە دڵنیاییەوە پاشەكشێیەكی زۆر زیاتر لە لایەن بەڵێندەرانەوە بەدی دەكرێت و ئەمەش كاریگەرییەكی سلبی لەسەر كارو پڕۆژەكانی حكومەت دروست دەكات. لەلایەكی ترەوە داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران كردووە پێویستە پڕۆژە بڕیارێك دەربچێت بۆ ئەوەی ئەگەر بەڵێندەر یا كۆمپانیای بیانی بێت كار لە وڵاتی ئێمە بكات ئەوە دەبێت بەڵێندەری ئێمەش كاریان لەگەڵ بكەن.

لەكۆتایی قسەكانی سەرۆكی لقی هەولێری یەكێتی بەڵێندەرانی كوردستان تیشكی خستە سەر ئەو سستی و كەموكوڕیانەی كە زۆربەی بوارەكانی ئابووری و بازرگانی و وەبەرهێنانی گرتۆتەوەو بەڵێندەرانیش لێی بەدوور نین لەمبارەیەوە وتی :( كارو پڕۆژەكانی هەولێر بە حوكمی ئەوەی پایتەختە كارو پڕۆژەی زۆر زیاترە لە شارەكانی تر و ئەو پڕۆژانەش هەندێكی لەسەر بودجەی وەزارەتەكانە و هەندێكیشی لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگایە، لەم دواییانەدا چوارچێوەی گرفت و كێشەكان فراوانترو زیاتر بوون، كێشە و گرفتەكانیش بەمجۆرەیە یەكەم- هەندێك لە كێشەكان وەكو چاككردنی دەرخستەو مەرجەكانی بەڵێندەرایەتی و . تادوایی لە لای حكومەتە نەك لە لای بەڵێندەر، بەپێچەوانەشەوە هەندێك لە كێشە و گرفتەكان بۆ بەڵێندەری خراپ دەگەڕێتەوە، واتا حكومەت و هەندێك لە بەڵێندەران لەكەوتنەوەی گرفت و كێشەكان بەرپرسیارێتیان هەیە. لەلایەكی ترەوە هۆكاری بەرزبوون و نزمبوونەوەی نرخ و بەهای كەرەستەو دۆلار لە بازاڕەكان كێشەیەكی گەورەی بۆ دروست كردووین بۆ ئەوەش داوامانكردووە پڕۆژە یاسایەك دەربچێت و نوێنەریشمان لە ئەنجومەنی وەزیران هەیە بۆ بەدواداچوونی ئەو لایەنە.

**تەندەرەكان كە ڕادەگەیەنرێن كەموكوڕی زۆر تێدایەو ماوەو نرخەكانی پڕۆژەكان تەواو نییە.**